دیمۆکراسی بۆ ئیـــران    خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردســـتان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

١٥ی گەلاویژی ١٣٨٢    ٦ی ئووتی ٢٠٠٣    ژمارە ٣٧٠    ١٥٠ تمەن

## لە نیوەی دووهەمی سالی ٢٠٠٤دا دەکری هەلبژاردنی سەرانسەری لە عیراقدا بەریوەبچی



پۆل بریمەر سـەرۆکی ئیدارەی حکوومـەتی غـەیرە نیزامیی عـیراق رۆژی٢ی ئـووت (١١ی گەلاویژ) رایگـەیاند بـەریوە چوونـی هـەلبژاردنی عـیراق لـە نیـوەی دوهـەمی سـالی ٢٠٠٤دا مسۆگەرە. ناوبراو گوتی‌بە پیکهاتنی دەولەتی میللیی عیراق، دەسەلاَت دەدریتەوە بەو دەولەتـە. رۆژیك بەر لەوەش کە بریمەر ئەو قسانە بکا، بووش سەرکۆماری ئەمریکا باسی ئەوەی کردبوو کـە دەبێ هەرچی زووتر لە عیراقدا هەلبژاردن بکـرێ. بـلاو بوونـەوەی ئـەم جـۆرە قسـانە، بـە دوای پیکهاتنی "ئەنجومەنی حوکمی عیراق"دا، لەلایەن زۆر لە شارەزایانو کۆرو کۆمەلە سیاسـی‌یەکان وا لیك دەدریتەوە کە ئەمریکا دەیەوێ جیددییەتو خیرایی زیاتر بە رەوتی گیرانـەوەی دەسـەلاَت بۆ نوینەرانی هەلبژاردەی خەلکی عیراق بدا.

## پـەیامی پیـــرۆزبایی سکـــرتێری گشتیـی حیـــزب بـــۆ ئـــەندامـانی ئـەنجـــومەنی حـــوکمی عێـــراق

**هێژایان! ئەندامانی بەرێزی ئەنجومەنی حوکمی عێراق!**

بە ناوی خۆمو ئـەندامانی دەفتـەری سیاسـیو کومیتـەی ناوەندیو بە ناوی تێکـڕای تێکۆشـەرانی حـیزبی دێموکراتـی کوردستانی ئێرانەوە کـە نوێنـەری زۆربـەی زۆری کوردەکـانی ئێرانـە، بـە بۆنـەی دامـەزرانو دەسبەکاربوونی ئەنجومـەنی حوکمی عێراقەوە خاوێنترین پیرۆزباییتـان پێشـکێش دەکـەمو سەرکەوتنی تەواوتان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا کە لـەم هەلومەرجـە ناسـکەی مێـژووی عـێراق، ولاّتـی دراوسـێو دۆستماندا کەوتوونەتە سەرشانتان، بۆ بە ئاوات دەخوازم.

ئێمە دامەزرانی ئەنجومەنی حوکم بە هەنگاوێکی گرنگـی بە کـردەوە لـە ڕێگـای گێڕانـەوەی هەلومـەرجی ئاسـایی بـۆ عێراقدا دەزانین، پاش ئـەو هـەموو ئـازارەی لـە دەیـان سـالَ حوکمـی دیکتـاتۆریدا چاشـتیو دوای ئـەو هـەموو زیـانو وێرانی‌یـە کـە لـە ئاکـامی شـەڕدا پێـی گەیشـت. هـەروەها دامەزرانی ئەم ئەنجومەنە بە یەکەمین هـەنگاو دەزانـین بەرەو دامەزرانی حکوومەتێکی نیشتمانیی هەلبژێردراو بـە ئـیرادەی ئـازادی عێراقی‌یـەکانو بنیاتنـانی سیستمێکی فیدرالی ـ پارلمانی ـ پلۆرالیستی کە لـەودا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلّی عێراق لە سـەر بناخـەی بەرابەریو عەدالّەت بە مافە رەواکانیان شاد بن.

سـەرکەوتنی هـەرچی زیاترتـان لـە وەدیـهێنانی ئامانجەکانی خەلّکی عێراق بە هەموو نەتەوەو پێکهاتە رەگـەزیو ئـاینیو سیاسـی‌یەکانیانەوە لـە گێڕانـەوەی عێراقی دۆست بۆ شوێنی شیاوی خۆی لـە کۆمـەلّگای نێونەتەوەیی‌دا بە ئاوات دەخوازم.

گەرمترین سلاّو و باشترین ئارەزووەکانم قەبوولْ بکەن.

**عبداللە حسن‌زادە**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢٠٠٣/٧/٢٢**

## نەرمیی نیشاندان بەرامبەر بە خویندکاران یا لیخۆشبوون لە تاوانباران؟!




رۆژی ١٤ی گەلاویژ، ریبەری کۆمـاری ئیسـلامی لـە وەلاّمـی ئـاخوند قومـی، نوینەری خـۆی لـە زانسـتگەکانو ئـاخوند ئەبوترابی، نوینەری ناوبراو لە زانستگەی تاران کە داوایـان کردبـوو خامەنـەیی بـۆ نیشاندانی "عطوفت و رأفت"ی ئیسـلامی لەگـــەل خویندکـــارە زیندانی‌یـــەکان، رەزامـەندیی پیشـان بـدا، بـــە روالـــەت رەزامـەندی دەربـری. ئـەو خویندکارانـەی وەبـەر "عطوفت و رأفت"ی ئیســـلامی دەکەون، ئەوانەن کــە بــە وتـەی ئـەو دوو ئاخوندە هیرشیان بردۆتە سەر شـوینەکانی خەوتنی خویندکاران! یـا لـە "ئـاژاوەگیرو فیتنەچی‌یـــەکان" ریـــزی خۆیـــان جیـــا کردۆتەوەو وەفـاداریی خۆیـان بـە نـیزامی کۆماری ئیسلامی راگەیاندوە!

لیخۆشبوونی خامەنەیی بـۆ ئەوانەیـە کــە هیرشـــیان بردۆتـــە ســـەر شـــوینی خویندکاران یا لە پـاش چـەندین حـەوتوو ئەشـکەنجەو ئـازاردان، ناچـار کـراون لـــە وتوویـژی تەلـــەفزیۆنی‌دا دادان بـــەو درۆو بۆختانانـەدا بنیـن کـە ئەشـکەنجەگەرانو "بازجو"یەکانی دەزگـــایی قـــەزایی بۆیـــان نووسـیون. بـەمجۆرە ئـەو خویندکارانـەی لـە هیرشـی لیبـاس شەخسـیو ئەنساری حیزبوللاّدا بریندارو تـالاّن کـرانو ئـەو کەسـانەی سـەبارەت بـە رەخنـەگرتن لـەو وحشـیگەری‌یە چوونـە زینـدان، "عطوفـت و رأفـت"ی ئیسلامی نایان گریتەوە!

ئەو هەنگاوە ریاکارانەو فیلبازانەیە، تەنیا بۆ هەلخەلەتاندنی بیروڕای گشتیو کەم کردنەوە لەو فشارە نیونەتەوەیی‌یەیە کە لـە پیوەنـدی لەگـەل سەرکوتی خویندکاراندا لە سـەرکۆماری ئیسـلامی هەیـە. ئـەو بریـارەی خامەنـەیی بـە کـردەوە هیـچ شـتیکی موسـبەتی بـە قـازانجی هـەزاران خویندکارو ئازادیخوازی دیکەی ولاّت کە لـە جـۆزەردانو پووشـپەری ئـەم سـالدا رەوانـەی زینـدان کـران، تیدانیـەو ئـەمجاریش وەك رووداوە خویندکاری‌یەکانی سـالی ١٣٧٨، خویندکـارانی خـەباتگیرو نـارازی لـە زینداندا دەمیننەوەو ریکخەرانی هیرش بۆ سـەر کۆبوونـەوەو مـانگرتنی خویندکاران بیّتاوان دەناسرینو پلەو پایەی بـەرزتریان وەك دەسخۆشـانەو ریزگرتن پیّدەدریّ.

## "شەخسی خامەنەیی لە پەلامارو سەرکوتی خوێندکاراندا نەخشی هەیە"



ئەنجومـــەنی لێکۆلّینـــەوەکانی رۆژهـــەلاّتی نێوەڕاســـتو ئـــەفریقای شـیمالی (MESA) کـە زیـاتر لـە ٢٧٠٠ ئـەندامی لـە زانسـتگەکانی سەرانسەری دنیادا هەیـە، رۆژی ٢٥ی ژوویـە لــە ڕێگــای نوێنەرایــەتیی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، نامەیەکی بۆ خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسـلامی نـارد. MESA لـە نامەکـەیدا بـە توندی ڕەخنەی لـە رەفتـاری وەحشـیانە، لێـدانو گرتـنو ترسـاندنی خوێندکـاران گرتوەو شەخسی خامەنەیی بە بەرپرسـی هـەموو ئـەو کردەوانـە ناسـیوە. لـەو نامەیەدا پاش ئیشارە بە چەندین نموونـە لـە پـەلاماری سـەرکوتکەران بـۆ سـەر خوێندکاران، بە خامەنەیی گوتراوە:

ئێمە بە توندی نیگـەرانین. چونکـە وادێتە بەرچاو کە شەخسـی جەنابیشـت لـە پێکـهێنانی هەلومـەرجی ئێسـتادا نەخشـت هەیـە. . . وەك دژکـردەوە بەرامبـەر بــە نائارامی‌یـەکانی ئـەم دواییی‌یە، تۆ دەسـتوورت بـە پـەیرەوانی خـۆت داوە کـە لەگـەلّ خوێندکـارانو نارازییـان "بـە تونـدیو بێ‌ڕەحمانـە" بجوولّێنەوە. بە داخەوە قسە نیگـەرانی خولّقێنەکانی تۆ لە سەرانسـەری ولاّتو لـە وتـاری کاربەدەسـتانی دیکـەدا کـە لەلایەن تۆوە دیاری دەکرێنو تـەنیا لـە بەرامبـەر تـۆدا خۆیـان بـە بـەرپرس دەزانـن، ڕەنگـی دایـەوە. ئیمـام جومعـەکان، فـەرماندەرانی نـیزامی، رادیۆو تەلەویزیۆنو هێندێـك ڕۆژنامـەی وەك کەیـهان، هـەموویان بـە ئاشـکرا داوایان کردوە "بە تونـدیو بـە دوور لـە بەزەریی" وەلاّمی خوێندکـارانی نـاڕازی بدرێتەوە.

ئێمە بیستوومانە کە ژمارەیەك لـە خوێندکـارە تێکۆشـەرەکان، بـە شێوەیەکی وەحشیانە لەلایەن ئەو هـێزە ئەمنییەتی‌یە نەناسراوانەی لـە دەرەوەی چوارچێـوی قـانوونی، کـار دەکـەن، گیراون. وا دەردەکـەوێ کـە ئـەم هـێزە سەرەڕۆ (خودسر)یانە، لەژێر چاوەدێریی واحیدەکانی "حفاظت اطلاعـات سپاه پاسداران"و هێزی ئینتیزامیو هێندێك بەشی دەزگای قەزاییدا، هەلّدەسووڕێن کـە هـەردووکی ئـەم نیهادانـە، لـەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی تۆ دان.

### رۆژنامەی عەرەبیی "الوسط":

## مووشـەکی شـەهـابی ٣، گـرنگی‌یەکی ئیستراتیژیکـی هـەیـە



رۆژنامەی عەرەبیی "الوسط" لەوتاریكدا بـە قەلـەمی "نبیل خلیفە" کە لـە ژمارەیـەکی ئـەم دوایانـەی خۆیدا بلاّوی کردەوە، گرنگیی دەستراگەیشـتنی ریژیـمی ئـیران بـە مووشـەکی شـەهابی ٣ی هیناوەتـە بـەرباس. "الوسـط" نووسیویە:

**ئەم مووشەکە زەوی بە زەوی‌یە ١٣٠٠ کیلۆمیتر دەرواو دەتوانێ کلاّوەی جەنگیی ١٠٠٠ـ ٧٥٠ کیلۆگەرەمی لەگەلّ خـۆیدا رابگویـزێ. کـلاّوە جەنگی‌یـەکانی کوشـتاری بـــە کۆمەلّ، ئەتۆمی، شیمیاییو بیۆلۆژیك بە شیوەیەکی گشتی ٨٠٠ کیلۆ دەبن، مووشەکی شەهابی ٣ لە رووی مووشەکی Nodongی کۆریای شـیمالی دروسـت کـراوەو ئیرانی‌یـەکان پیشکەوتوویان کردوە. ئەم مووشەکە بەرهەمی هاوکـاریی کۆماری ئیسلامیو کۆریـای شـیمالی لـە بـواری نـیزامیو تەقەمـەنی دایـە. ئـەم مووشـەکە جگـە لـەوەی دەتوانـێ ئیسـرائیل بپیکـێ، بـە هاسـانی دەگاتـە شـیوە دورگـەی عەرەبستان، کەنداوی فارس (کە هیزەکانی ئـەمریکا لـەوێ جیگرن)، ئوقیانووسی هیند، پاکستان، ئەفغانستان، بەشیك لە هیند، دەوروبەری چین، ئاسیای نیوەراسـت، بەشـیك لـە رووسیەو زۆربەی خاکی تورکیە، رۆژهەلاّتی نزیك، سـەحرای سینا، کانالی سوئیزو بەشیکی گەورە لە دەریای سوور.**

وتارنووسی رۆژنامـەی "الوسـط" پـاش نـاوبردنی ئـەو مەترسیيانە کە بە هۆی دەستراگەیشتنی کۆماری ئیسـلامی بەو مووشەکانە، هەرەشە لە ئیسـرائیلو ئـەمریکا دەکـەن، دەلـی: دوو ریگـای سـەرەکی لەبـەر دەم ئـەمریکادا هـەن: زەبروەشاندن لـە قـەوارەی نـیزامیی ئـیران، هـەولدان بـۆ کودەتا یا پیکهینانی ئالۆزیی نیوخۆیی. دیارە ریگایـەکی مەنتیقیی تریش هەیە، ئەویش سـەپاندنی پرۆتۆکۆلـەکانی پیشگیری لە چەکی مووشەکیو ئەتۆمی بەسـەر کۆمـاری ئیسلامی‌دا، بە هاوکـاریو بەشـداریی ریکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانە.

"نبیـل خلیفـە" پشـت ئەسـتوور بـە زانیاری‌یـەکانی دەزگای جاسووسیی تورکیە دەنووسـێ: **ریژیـمی ئـیران تـا ئیستا ١٥٠ مووشەکی شەهابی ٣ی دروست کردوە، ئـەوە لە حـالیك دایـە کـە بـە گویـرەی بـەراوردی ئیسـرائیل، ئیرانی‌یەکان دەتوانن ٣٠ مووشەکی شـەهابی ٣ دروسـت بکەن. بەلاّم دەبی بگوترێ ئەم پرۆژەیە بە دروست کردنـی مووشـەکی "شـەهابی ٤" بـە توانـای برینـی ٢٠٠٠ کیلۆمیـتر مـەوداو "شـەهابی ٥" بـە ٥٥٠٠ کیلۆمیـتر مەوداوەو "شەهابی ٦" بە ١٠٠٠٠ کیلۆمیتر مـەوداوە، دریژەی پێ دەدرێ.**

## دژکردەوە بەرامبەر پەسندکرانی کۆنوانسیۆنی تایبەت بە ژنان

دوای ئەوەی لـەم دوایی‌یانـەدا مـەجلیس پـاش چـەند سال قسـە لـێکردنو دەستی دەستی کردن، بـە کۆمـەلیك مـەرجو تیبینی‌یـەوە، کۆنوانسیۆنی سرینەوەی جیـاوازی بەرامبـەر بـە ژنـانی پەسـند کـرد، دەنگـی نارەزایـەتیی ئـاخوندە کۆنەپەرسـتەکان دژی ئـەم هـەنگاوەی مەجلیس بەرز بۆوەو خۆپیشـاندانو ریپیوانـی ئیعترازییـان بـە هـۆی دەستەو تاقمەکانی خۆیانەوە لە دژی مەجلیس وەرێ خست.

"نووریـی هەمـەدانی"، پەسـندکرانی ئـەو کۆنوانسـیۆنە نیونەتەوەیی‌یەی لە لایەن مەجلیسەوە بە کارەساتیکی گەورە ناو بـردو گوتی" ئەم گەلاّلەیەش وەك زۆر گەلاّلـەی بریقـەداری دیکـە بـۆ وینـە لایەنگری لە مافی مروڤ، دابـین کردنـی دیموکراسـی، پشـتیوانی لـە مافی زیندانی‌یەکانو بەربەرەکانی لەگەل تیرۆریزم، لە پیلانە ناسراوەکانی دنیای رۆژئاواو ئیستیکباری جیهانیو جگە لـە دژایـەتیی جیـهانیی ئیسلامو سەلماندنی بالاّدەستیی شارستانەتیی رۆژئاوا، هیـچ ئامـانجیکی دیکـەیان نیـە. ئـاخوند مـەکارمی شـیرازییش جـاریکی دیکـە دژی نیوەرۆکـی ئـەو کۆنوانسیۆنە دەنگی بەرز کردوەو بەدژی ئیسـلامی دانـاو پەسـندکردنەکەی لـە لایـەن مەجلیسـەوە مەحکووم کرد.

هەلویستی تازەی یەکیەتیی ئورووپا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی‌دا ٢
جیاوازی‌یەکانی دوو هەلومەرجی هاوشیوە ٣
هاواریك لە نیوخۆی ئیرانەوە ٤
ولاّمیك بۆ وتەکانی کاك سەلاح موهتەدی ٨
کۆماری ئیسلامی زیاتر لە زەلکاوی نەماندا رۆدەچێ ٩
رووناکبیر، عەقلی سوننەتیو عەقلی مۆدیرن ٩
یەکیەتیی ئورووپا پتر تەنگ بە ئیران هەلّدەچنێ ١٠

# هەڵوێستی تازەی یەکیەتیی ئورووپا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی ئەندامی ئەم یەکیەتییە کە هەر کامیان بە نۆرەی خۆی پێوەندییەکی تا رادەیەك بەربڵاویان لەگەل کۆماری ئیسلامیدا هەیە، لە کۆبوونەوەی ئەم دوایانەی خۆیان لە برووکسێلدا چۆنیەتی پەرەپێدانی زیاتری پێوەندییەکانی خۆیان لەگەل رێژیمی ئێران تاوتوێ کرد. ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا پێك هات کە خوێندکاران لە ئێراندا بەتوندی سەرکوت دەکرانو راوەدوو نرابوونو پتر لە چوار هەزار کەسیان گیرانو زیندانی کرابوون. فشاری ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئیمزای پرۆتوکولی هاوپێچی بەڵگەنامەی پەرەپێنەدانی چەکە کۆکوژەکان، زیادی کردوەو رەوتی ئەو رێفورمانەی کە مەبەستی رێفورمخوازانی نێو دەسەڵاتە شکستی خواردوە. لەم هەلومەرجەداو بە سەرنجدان بەو راستییە حاشاهەڵنەگرانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ رەفتاری نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی ئێرانو هەڵوێستەکانی ئەم رێژیمە لەبارەی مەسەلەی ئاشتیو هێمنایەتیی ناوچەکە کە ئێستا زۆر روونترو ئاشکراتر بۆ بیرورای خەڵکی جیهان دەرکەوتوون، یەکیەتیی ئورووپا لە کۆبوونەوەی ئەم دوایانەی خۆیدا بڕیاری دا کە مەرجی بەرفرەترکردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ رێژیمدا بە ئیمزاکردنی پرۆتوکولی هاوپێچی پەرەپێنەدانی چەکە کۆکوژەکانو پێشێلنەکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەم رێژیمەوە ببەستێتەوە.

دەرکردنی بڕیارێکی ئەوتۆ لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە، لە سێ لایەنەوە جێگای بایەخو سەرنجە. یەکەم، ئەوەی کە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا کە بەردەوام لایەنگرییان لە سیاسەتی سازانو پێکهەڵکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکردو بۆ درێژەدان بە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەم رێژیمە، مەسەلەی دیالۆگی رەخنەگرانەیان کردبووە دەسکەلای دەستیانو لەسەری دەرۆیشتن، ئێستاکە ئیدی دەبێ گەیشتبنە ئەو ئاکامە کە ئەم سیاسەتە کە لە روانگەی ئەندامانی خودی ئەم یەکیەتییەوەش شکستی خواردوەو بە کردەوە سەری نەگرتوەو بێ ئاکام بووە. چونکە سەرەرای گرتنەبەری ئەم "دیالۆگە" بۆ ماوەی چەندین ساڵ، کۆماری ئیسلامی رەوتی سەرکوتی نەیارانی خۆی توندتر کردوەو چەندین لاپەرەی رەشتری لە کردەوەی نادێموکراتیکی خستۆتە سەر کارنامەی پڕ لە نەنگی دەسەڵاتدارەتیی خۆی. شایانی باسە کە خامنەیی، رێبەری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، راست لە بەرەبەری ئەم کۆبوونەوەیەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاداو لە رێورەسمی تەحویلدانی مووشەکی شەهابی ٣ بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ئەم سەرکەوتنە نیزامییەی رێژیمی وەك رووداوێکی مێژوویی بۆ داکۆکیکردن لە ئامانجەکانی خەڵکی فەلەستین لەقەڵەم دا کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە مایەی پەرەسەندنی نیگەرانییە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە بەرنامە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی.

دووهەم، ئەوەی کە هەڵوێستی تازەی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە نیشانەی جۆرە پشتیوانیو هاودەنگییەکی تایبەتە لەگەڵ ئەمریکادا کە لەم ماوەیەدا فشاری خۆی بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵی ئەو رێژیمە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکە کۆکوژەکان، زیاتر کردوە. قسەکانی خامنەیی لە رێورەسمی تەحویلدانی مووشەکی شەهابی (٣)شدا، رەوایی فشارهێنان بۆ ئەم رێژیمەو پێویستیی هاودەنگیی ئورووپایان تەئیید کرد.

سێهەم، ئەوەی کە وا دیارە یەکیەتیی ئورووپا بە سەرنجدان بە شکستی رێفورمخوازانی نێو حاکمییەتو دانپێدانانی رێبەرانی ئەم قۆڵە بە نەزۆکیی هەوڵەکانیان بۆ هێنانەدیی ئەو برە رێفورمانەی کە مەبەستیان بوونو هەروەها ئەو رەشبینیو ناهۆمێدییەی کە بەم هۆیەوە تووشی لایەنگرانی قۆڵی ناوبراو بووە، بۆی دەرکەوتبێ کە پشتیوانی لە قۆڵێك لە قۆڵەکانی نێو حاکمییەتو یان دڵخۆشکردن بە رێفورمەکانی ئەوانو گۆڕینی رێژیم لە ناوەوەڕا چیدی ناتوانێ لە روانگەی بیرورای گشتیی خەڵکی جیهانو تەنانەت خەڵکی وڵاتانی ئورووپاییەوە پاساوێکی گونجاوو بەجێ بێ.

بێگومان ئەم بڕیارە تازەیەی یەکیەتیی ئورووپاو مەرجدانان بۆ پێوەندییە بازرگانیو سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی چالاکییە ناوکییەکان، پێشێلنەکرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانو هەروەها کار دەکاتە سەر پێگەی نێونەتەوەییو سیاسەتە دەرکییەکانی کۆماری ئیسلامیو رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییش قەڵسو تووڕە دەکا. رەنگە هەڵوەشاندنەوەی سەفەری خاتەمی بۆ بێلژیك، یەکێك لە نیشانەکانی ئەو تووڕەبوونەی ئێران لە بڕیاری تازەی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بێ. هەرچەند کە دیپلۆماتەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەم بارەیەوە گوتویانە کە رێبەرانی بێلژیكو رێبەرانی دیکەی ئەندامی ئەم یەکیەتییە بەهۆی نیگەرانی لەبەرنامەی ناوکی ئێرانو پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ئامادە نابن چاویان بەخاتەمی بکەوێ.

پرسیارێك کە لەم پێوەندییەدا لەگۆڕێ دایە، ئەمەیە کە چەندە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵوێستە تازەکانی یەکیەتیی ئورووپاو یەکبۆچوونیو هاودەنگیی ئەم یەکیەتییە لەگەڵ ئەمریکا بە جیددی دەزانێو بۆ دەربازبوون لەم تەنگەبەرییانە تا کوێ پاشەکشە دەکاو جۆرو شێوەی ئەم پاشەکشەیە تا چەند دەبێتە هۆی باوەڕو متمانەی ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا؟ چونکە بە ئەزموون دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی هەرکاتێك لەگەڵ کێشەو تەنگوچەڵەمەیەکدا بەرەوروو بێ، بە فرتوفێڵو بەڵێنیی درۆ تا رادەیەك توانیویەتی خۆی لە ئاکامەکانی ئەم بڕیاردانە بدزێتەوە. بەڵام وا وێناچێ کە نە ئەمریکاو نە یەکیەتیی ئورووپا بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیو بوونی ئەندامانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئێرانداو هەروەها دەستێوەردانی ئەم رێژیمە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا، کەمتەرخەمی بنوێننو تەنیا قەناعەت بە بەڵێنە پووچەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن.

❊❊❊

# کوشتنی زارا کازمی، درێژەی قەتڵە زنجیرەییەکان

هەژیر

لەم چەند حەوتوویەی دواییدا، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێك ململانێی نوێ بەرەوروو بوو. یەکیەتیی ئورووپا بەتوندی نیگەرانیی خۆی بە نیسبەتی هەوڵە ناوکییەکانی ئێران دەربڕیو بەربڵاویی پێوەندیی بازرگانیی خۆی لەگەڵ ئێران بە شەفافکردنی ئەو هەوڵانەو هەروەها پێشێلنەکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەستەوە. رێبەرانی رێژیم، دوای چەند مانگ حاشاکردن لەبوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی پایەبەرزی ئەلقاعیدە لە ئێراندا ناچار ئیعترافیان کرد. هەروەك رێبەرانی بێلژیكو رێبەرانی دیکەی ئەو یەکیەتییە رایانگەیاند کە بەهۆی نیگەرانی لە بەرنامە ناوکییەکانی ئێرانو هەروەها پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا، ئامادە نین چاویان بە خاتەمی بکەوێ. هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، خامنەیی رێبەری رێژیم، لە رێورەسمی تەحویلدانی مووشەکی شەهابی ٣دا بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەو رووداوەی وەك ساتێکی مێژوویی بۆ دیفاع لە خەونەکانی خەڵکی فەلەستین باس کرد کە ئەوەش بۆ خۆی دەوڵەتی ئیسرائیل بە نیسبەت بەرنامە ئیستراتیژییەکانی ئێران نیگەرانتر کرد. هەروەها بەشێکی دیکە لە گرژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندییەکانی دەرەوەیدا، مشتومڕی سیاسیی ئێرانو دەوڵەتی کانادا بەدوای کوژرانی زارا کازمی، هەواڵنێرو وێنەگری کانادایی بە رەگەز ئێرانی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە بوو.

بە وتەی رۆژنامەی "کەیهان" لە حاڵێکدا زارا کازمی، رۆژی ٢ی پووشپەڕ خەریك بوو بەشێوەی نایاسایی وێنەی زیندانی ئێوینی دەکێشا، لەبەر دەرگای زیندان دەگیرێو لە رۆژی ٥ی پووشپەردا درا بە وەزارەتی ئیتلاعات، لە ئاکامدا رۆژی ٢١ی پووشپەڕ، هەواڵی دەسبەسەرکردنو ئەشکەنجەو کۆچی دوایی ناوبراو لە سەرووی هەموو هەواڵەکانداو لە راگەیەنەکانی کاناداو جیهاندا ـ بەتایبەت راگەیەنە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات ـ بڵاو کرایەوە. هەرچەند (ئیستفان هاشمی) تەنیا منداڵی زارا کازمیو دەوڵەتی کانادا داوای تەرمی ناوبراویان کردەوە، بەڵام بە پێی هەواڵێك کە لە سایتی خەبەریی "روویداد"دا بڵاو کراوەتەوە، بکوژانی زارا کازمی بە شێوەیەکی نهێنی ناوبراویان ناشتوە. کوژرانی زارا کازمی جێگەی شكو گومانەو بە ئەنقەست بووە، چونکە: کوژرانی ئەو وێنەگرەی راگەیاندن، درێژەی قەتڵە زنجیرەییەکانی نووسەران، رووناکبیرانو تێکۆشەرانی سیاسییە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەیان هەبووە. لە بیرمان نەچێتەوە کە درێژەی ئیددیعاکانی رێژیم لەمەڕ پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان، داخستنو شاراوە مانەوەی ئەو پەروەندانە، زیندانیکردنی پارێزەرەکانی کوژراوەکان بۆ وێنە "ناسر زەرئەفشان"ی بە دواوە بووە. بە نهێنی ناشتنی زارا کازمی، یەکێك لە هۆیەکانی پەردەپۆشکردنو داخستنی پەروەندەی ئەو قەتڵەیە کە لە شێوەی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی رێژیم لەگەڵ ئەو رووداوەدا وا دەردەکەوێ کە ئەو پەروەندەیەش بە ئاکامێکی ئەوتۆ ناگا.

هەرچەند خاتەمی لە فەرمانێکی بێرۆحدا داوای لە وەزارەتەکانی ئیتلاعاتو دادگوستەریو ئیرشادی ئیسلامیی کردبوو کە لە هەموو لایەنێکەوە ئەو رووداوە موتالا بکەنو بەدوایدا بچن، سەرەڕای ئەوەش پزیشکی قانوونی بە کاربەدەستانی راگەیاندبوو کە مردنی زارا کازمی سەکتەی مەغزی بووە، بەڵام تاکوو ئێستا بێدەنگییان لە پەروەندەی ناوبراو کردوەو پێشگرتن لە ئاشکرابوونی چۆنیەتی ئەو قەتڵە وانیشان دەدا کە لەلایەن جەللادانی ئەمنیەتیو بە دەستووری کاربەدەستانی باڵای رێژیم کوژراوەو هەر بەو مەبەستەش بە نهێنی ناشتوویانە. سازانی پزشکی قانوونیو کاربەدەستانی رێژیم بە مەبەستی پاراستنی ئابرووی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی جێگەی سەرسووڕمانە، چونکە چەند رۆژ پێش ئەوەی زارا کازمی کۆچی دوایی بکا، لە راپورتی پزشکیی نەخۆشخانەدا کە بۆ ئیستفان هاشمی ناردرابوو، هاتبوو کە: "کاسەی کەللەی دایکت شکاوەو مەغزی بە تەواوی لەکار کەوتووەو لە حاڵەتی بێهۆشیدایە" هەر لەو کاتەدا بوو بەرێوەبەری گشتیی چاپەمەنیی دەرەوەی وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامیی ئێران رایگەیاند کە هۆی مردنی ناوبراو سەکتەی مەغزی بووە.



کوڕەکەی زارا کازمی لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆ بی.بی.سیدا گوتی، کە دایکی لەلایەن ئەو کەسانەوە دەستبەسەریان کردوە، لە ژێر ئەشکەنجەدا کاسەی کەللەی زەربەی خواردوەو کۆچی دوایی کردوە. هەرچەند کاربەدەستانی رێژیم رایانگەیاند کە زارا کازمی یاساکانی هەواڵدەری وەبەرچاو نەگرتوەو وێنەی شوێنە قەدەغە کراوەکانی هەڵگرتۆتەوە، بەڵام بە پێی چەند راپورتێکی دیکە ناوبراو لەکاتی هەڵگرتنەوەی وێنە لە خۆپیشاندانە خوێندکارییەکاندا دەستبەسەر کراوەو لە زیندانی ئێوینو لەژێر ئەشکەنجەو ئازار لەلایەن ئەشکەنجەدەرانی رێژیمەوە گیانیان لەدەست داوە. سەعید مورتەزەوی دادستانی تاران سەرەتا ئەو هەواڵنێرە وێنەگرەی وەك خوێندکارێکی جاسووسی وڵاتانی دەرەوە ناساندو گرتنی ناوبراوی وەك سەرکەوتنێکی مەزن لەو بوارەدا باس کرد. شتێکی روونە کە تاوانبارکردنو ناوو ناتۆرە لەخەڵك نان بەشێك لە فەلسەفەی بوونی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، تاکوو ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیان بە هەڵبەستنی ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆر لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا کوژراون.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە بیانووی ئەوە کە دایکی زارا کازمی گوتویەتی، دەبێ تەرمی ناوبراو لە ئێراندا بنێژرێ، ئامادە نیە تەرمەکە بداتەوە بە دەوڵەتی کانادا، هۆیەکی دیکەی پەردەپۆشکردنو ونکردنی راستییەکانی ئەو رووداوە دڵتەزێنەن، چونکە کۆماری ئیسلامی نیگەرانی ئەوەیە کە دەوڵەتی کانادا لە رێگای پزشکی قانوونییەوە هۆی راستەقینەی کوژرانی ناوبراو روون بکاتەوەو ئەوە بسەلمێنێ کە بەدەستی جەللادانی رێژیمی ئاخوندی کوژراوە. ئەو جینایەتەشیان وەك هەموو جینایەتەکانی دیکەیان ئاشکرا بکرێ.

بەهەرحاڵ، کوشتنی زارا کازمی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری دیکەیە لە بوونی ئەشکەنجە، رەفتاری نامرۆڤانەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامیداو هەروەها نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیو سەرجەم پێکهاتەکەی چاکسازیو رێفورمیان تێدا ناکرێو هیچ کات لەگەڵ پێوەرەکانی نێونەتەوەیی یەك ناگرنەوە. بەداخەوە دەبێ نرخی ئەو تاوانەش کۆمەڵانی خەڵك بیدەن. چونکە ئەو جۆرە ئاکارە نائینسانییانە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا مەحکوومکردنی ئێرانیان بە دواوەیەو بەو جۆرە، فشارە سیاسیو ئابوورییەکانیش لەسەر وڵاتی ئێران زیاتر دەکرێن، دیسانیش رەنگە ئەو هەنگاوانەش ئەوەندە جیددیو رێگر نەبن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بە پاشەکشەو لەبەرچاو گرتنی حورمەتی ئینسانو مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکەن.

❊❊❊

**بروخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# جیاوازییەکانی دوو هەلومەرجی هاوشێوە

عەولا بەهرامی

وادێتە بەرچاو رەوتی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کۆمەڵگەی ئێرانیان گرتۆتەوە، لە یەك خاڵی هاوبەشدا یەك دەگرنەوەو پێویستییەکی هاوبەشیان خولقاندوە کە بریتییە لە کۆك بوون لە سەر پێویستیی پێکهاتنی گۆڕانکاریی قووڵی سیاسیو گۆڕانی رێژیمی سیاسیی وڵات. ئەوە هەر هەمان پێویستییە کە ٢٤ ساڵ پێش ئێستاو لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی رێژیمی پاشایەتی زیاتر خۆی نواندو سەرەنجامیش وەلانانی سیستمی پاشایەتیی لێکەوتەوە. ئەم دوو هەلومەرجە لەم بارەوە کە پێویستیی گۆڕانیان لە سیستمی سیاسیی وڵات لە دوو سەردەمی تا رادەیەك جیاوازدا هێناوەتە گۆڕێ، خاوەنی لایەنی هاوبەشی وەك یەکن، بەڵام هەرکام لەو هەلومەرجانەو ئەو گۆڕانکارییانەی ئەو دوو هەلومەرجەی لێکەوتۆتەوە جیاوازی زۆریان پێکەوە هەیە. ئەم چەند دێڕەی خوارەوە هەوڵێکە بۆ پێکگرتنی ئەو دوو هەلومەرجەو نیشاندانی لایەنو تایبەتمەندییە لێك جیاوازەکانیان

**شۆڕشی ٥٧ هۆکارەکان، پێش زەمینەکان**

باس کردن لە شۆڕشی ٥٧ی ئێران کە لە لایەك خاڵی کۆتایی تەمەنی رێژیمی پاشایەتیی لە ئێران داناو لە لایەکی دیکەوە بە سەرەتای زاڵبوونی سەرەڕۆییو دیکتاتۆری لە شێوازێکی دواکەوتوانەتردا دەژمێردرێ، پێویستی بە باسێکی دوورو درێژ هەیەو تا ئێستاش لەم بارەیەوە گەلێك بابەتو کتێب کە روانگەی جۆراوجۆریان پێوە دیارە نووسراون. ئەوانەی لێرەدا دەتوانین ئاماژەیان پێدەکەین تەنیا ئەو هۆکارانەن کە زۆربەی خاوەنڕایانی ئەو مەسەلە گرینگەی مێژووی ئێران لە سەری هاودەنگن یان بە شێوەیەك لە راستییەکان نزیکن.

بۆ ناسینی پێش زەمینەو هۆکارەکانی شۆڕشی ٥٧ی ئێرانو تا رادەیەکیش سروشتی ئەو شۆڕشە پێویستە ئاوڕێکی کورت بدەینەوە لە کۆمەڵگەی ئێرانو رەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییەکان لەو سەردەمەدا:

**وەزعییەتی سیاسی**

لەباری سیاسییەوە بەم شێوەیە لە پێناسەیەکی کورتدا باسی وەزعییەتی سیاسی ئێران بکەین؛ شاو دەربار توانیبوویان پاش سەرکەوتن بە سەر بزووتنەوەی میللی ئێراندا پێگەی خۆیان بە دامەزراندنی دەزگای ئیتلاعاتیی ساواكو مۆدێرنیزەکردنو تەیار کردنی ئەرتەش لە لایەكو دواتریش سەرکوتی هێزە سیاسییەکان قایم بکەنو لە سەرەتای دەیەی چلدا لە بیری مۆدێرنیزەکردنی ئێران (یان وەك ئەوان باوەڕیان پێی بووو تێیگەیشتبوون، گۆڕینی کۆمەڵگەی ئێران بە پێوانەکانی رۆژئاوا) دابنو بۆ ئەم مەبەستەش هێندێك هەنگاویان هەڵێنایەوە. شاو دەربار لەم قۆناخەدا لەوەکە توانیبوویان ئەو بزووتنەوە چەکداریو ژێرزەمینییانەش کە لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی چلدا دەستیان پێکردبوو سەرکوت بکەن، تووشی لەخۆباییبوونێکی لە رادەبەدەر هاتبوون، دیارە ئەوەش هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو گرنگییەی کە رۆژئاوا لە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا سەبارەت بە نەخشی ستراتیژیکیو ژێئۆستراتیژیکیی ئێران بە دەرباری شای دەدا. دوای ئەو هەموو دڵنیابوونەیە شا بیر لە تاج دانان دەکاتەوەو ئەوەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ئەو ئارامیو توانا سیاسییەی شا لە خۆیو دەسەڵاتەکەیدا بەدیی دەکرد.

**وەزعییەتی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی**

هەم ئابووریو هەمیش پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵات لە کۆتایی دەیەی چلدا گۆڕانکاریی بەرچاویان تێدا پێك هاتبوو. ئابووریی وڵات بە هۆی زیادبوونی داهاتی نەوتو چوونەسەری بەرهەمهێنان بە هۆی میکانیزەبوونی بەشی کشتوکاڵو ئەو گۆڕانکارییە کە لە دوای شۆڕشی سپیدا بە سەر خاوەندارێتیی زەویدا هاتبووو هەروەها گەشەی هێندێك لە سەنعەتە بچووكو گەورەکان لە چاو دەورەکانی پێش خۆیو تەنانەت لە چاو ژمارەیەك لە وڵاتانی دەوروبەریش گەشەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیتبوو. دیارە ئەوەش لە پەنا هێندێك هۆکاری وەك کاڵبوونەوەی سیستمی دەرەبەگایەتی، پەرئەستاندنی خوێندنو گەشەی شارەکاندا گۆڕانکاریی بەرچاوی لە وەزعییەتی کۆمەڵایەتیی وڵاتدا پێکهێنابوو.

لە بواری فەرهەنگیشدا، فەرهەنگی وڵات

ئەوەی شا ناوی لێنابوو دەسەڵاتو حاکمییەتی شایەتیو، لە هەوڵی دروستکردنی مێژووو شێوە فەرهەنگێکی ئەوتۆدا بوو کە کۆمەڵگەو تاکەکانی لە ئاست ئەودا ملکەچ بن (لە رێگای جۆراوجۆری وەك پرۆسەی خوێندنو راگەیاندنو . . . ەوە)، لە راستیدا لە سەریەك کۆڵەکەی بنەرەتی راوەستابوو، کە ئەویش بریتی بوو لە سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازیو هەر داوایەکی ئازادیخوازانە.

سروشتی بوو لە پلەی یەکەمدا بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی وڵاتی گرتبۆوەو لە پلەی دەهەمدا ئەو سیاسەتانەی دەسەڵاتدارەتی بۆ گۆڕینی باری فەرهەنگیی وڵات (رۆژئاوا گەرێتی) گرتبوویە بەر (بە تایبەت لە ناوەندە حەشیمەتییەکاندا) ئاڵوگۆڕی تێدا پێك هات.

ئەگەر ئەوەی لە سەرەوە باس کرا وێنەیەکی بچووك کراوەی کۆمەڵگەو حاکمییەتی سیاسیی وڵات لەو سەردەمەدا بێ، هەر لێرەشەوە دەتوانین بە ناساندنی سروشتی هەرکام لەوان، واتە دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵگەو گۆڕانکارییەکانی، قامك لە سەر ژمارەیەك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی شۆڕشی ٥٧ (نەك پێشهاتەکان) دانێین.

ئەوەی شا ناوی لێنابوو دەسەڵاتو حاکمییەتی شایەتیو، لە هەوڵی دروستکردنی مێژووو شێوە فەرهەنگێکی ئەوتۆدا بوو کە کۆمەڵگەو تاکەکانی لە ئاست ئەودا ملکەچ بن (لە رێگای جۆراوجۆری وەك پرۆسەی خوێندنو راگەیاندنو . . . ەوە)، لە راستیدا لە سەریەك کۆڵەکەی بنەڕەتی راوەستابوو، کە ئەویش بریتی بوو لە سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازیو هەر داوایەکی ئازادیخوازانە. ئەوەش بە بڕوای زۆر لە کارناسانو شارەزایانی شۆڕشی ٥٧ یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتیی گشتی لە حاکمییەتو دەسەڵاتدارەتیی سەرەڕۆیانەی شاو دەربارەکەی بوو. چونکە لە راستیدا ئەو بوارەی شا هەرگیز ئامادە نەبوو ریفۆرمی تێدا پێك بێنێو پەرەی پێبدا قەوارەی سیاسی وڵات بووو تەنانەت ئامادە نەبوو بۆ رۆژێکیش بووبێ دەسەڵاتی خۆی بە لاوازی ببینێو هەرچەشنە کرانەوەیەکی بە سەرەتای بێدەسەڵات بوونو وەلانرانی خۆی دەزانێ. جیا لەمانە تەنانەت لە دەیەی چلدا شا ئەو ریفۆرمانەش کە لە سەردەمی مەشرووتەو دوای ئەو لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا پێکهاتبوون، بێنێوەرۆك کردبوونەوە. نە مەجلیس، نە دەوڵەتو سەرۆکی وەزیرانو . . . نەیان دەتوانی لە چوارچێوەی ئەمرو نەهی ئەو دەرچن.

یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتیی گشتیو شۆڕشی ٥٧ ئەو رەوتە سەقەتو هەڵشەیە بوو کە شا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی وڵات گرتبوویە بەر. ئەوەی لەم پێوەندییەدا دەکرا نەك مۆدێرنیزەکردنی پێکهاتەی کۆمەلایەتیو فەرهەنگیی وڵات، بەڵکوو شێوەیەکی زۆر زەقو بێبنەماو هەڵنەسەنگێندراوی مۆدێرنیزەکردن، یان لە راستیدا رۆژئاواچێتی بوو. هەر بۆیەش بێجگە لە نێو توێژێکی بچووکی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ بەربەرکانیی توندی سوونەتییەکانو رێبەرانی مەزهەبی بەرەوەڕوو بۆوەو لە راستیدا کارتێکی بەهێزی دایە دەست ئاخووندەکان تا بتوانن بە کەڵك وەرگرتن لەو، لە قۆناخەکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا جڵەوی ناڕەزایەتییەکان بگرنە دەستو دواتریش خۆیانو سیستمە دڵخوازەکەیان بسەپێنن.

**هۆکارە دەرەکییەکان:**

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ٥٧ی ئێران وەك هۆکاری دەرەکی باسیان لێوە کراوە، لە راستیدا بە شێوەیەکی پێچەوانە کاریگەریی لە سەر هەلومەرجی پێکهاتنی شۆڕشدا بوە. ئێران لەو سەردەمەدا (سەردەمی دوو جەمسەری) پێگەیەکی گرنگی لە ستراتژیی رۆژئاوادا هەبووو رێژیمی شایەتیش وەك پارێزەری بێئەملاوئەولای بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا چاوی لێدەکرا. بۆیە سروشتی بوو کە رۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکا تا دوا رۆژەکانی مانەوەی ئەو سیستمە لە پشت شا راوەستن، هەر ئەوەش ببوو بە هۆی ئەوەی ناڕەزایان لە سیستمی شایەتی، رۆژئاوایان نەوەك هۆکارێکی یارمەتیدەر، بەڵکوو وەك هۆکارێك کە پارێزەری رێژیمی شایەتییە چاو لێدەکردو بە هۆکاری دواکەوتوویی و چەوسانەوەی خۆیانیان دەزانی، بۆیە لە قۆناخەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتنە دژایەتیکردنی رۆژئاواو بەرژەوەندییەکانی لە ئێران کە دواتر لە ئاکامی دنەدانی ئاخوندەکان دەست بە سەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکاو بە بارمتەگرتنی کارمەندەکانی ئەو باڵوێزخانەیەی لێکەوتەوە.

**تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ٥٧ی ئێران**

شۆڕشی ٥٧ی ئێران جیا لە هۆکارە نێوخۆییو دەرەکییەکانی خاوەنی هێندێك تایبەتمەندیی دیکە بوو کە دەتوانین بەم شێوەیە ریزبەندییان بکەین:

ـ لە دنیای دووجەمسەریداو لە نێو جەرگەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوادا روویدا.

ـ فەزای سیاسیی ئێرانو ناوچە بە گشتی لە ژێر کاریگەریی رەوتی چەپدا بوو.

ـ هەموو لایەنو تاقمە سیاسییەکانی بەشدار لە شۆڕشدا لە سەر یەك مەسەلە کە رووخانی رێژیمی پاشایەتی بوو، کۆك بوون، بەڵام هیچ بەرنامەو پرۆژەیەکیان بۆ داهاتووی سیاسیی وڵات نەبوو، هەر ئەوەش وای کرد ئاخووندەکان بە کەڵك وەرگرتن لە نفووزو توانای رێکخستنی

بەرەیەك لە حەشیمەت هاتۆتە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەوە کە هیچ نەخشێکی لە شۆڕشی ٥٧دا نەبوەو بە هیچ شێوەیەك دیفاع لە بایەخەکانی دەسەڵاتدارەتیی ناکا.

خۆیانو پرشو بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز جڵەوی شۆڕش بگرنە دەستو خومەینی وەك رێبەری شۆڕش بقەبڵێننو بسەپێنن.

ـ بەشی هەرزۆری کۆمەڵگەی ئێران لەوپەڕی دواکەوتوویدا بووو بە شێوەیەکی ساویلکانە لە چەمکەکانی وەك شۆڕش، ئازادی، دێموکراسیو . . . گەیشتبوو و یان هەر لێیان بێئاگا بوو.

***

**هەلومەرجی ئێستا**

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەو وەزعییەتەی ئەمڕۆ لە ئێراندا لە ئاکامی گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکاندا هاتۆتە گۆڕێ لە یەك خاڵدا کە بریتییە لە خواستی کۆمەڵگا بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی وڵاتو پێکهاتنی گۆڕانکاریی ریشەیی لەگەڵ هەلومەرجی پێش شۆڕش یەك دەگرنەوە. ئەم دوو هەلومەرجە هاوشێوەیە ئەگەر لە لایەك خاوەنی هێندێك هۆکاری پێکهێنەری هاوبەش لەوانە قووڵبوونەوەی ناڕەزایەتیی گشتی لە ئاست سەرەڕۆیی دەسەڵاتو سەرکوتی ئازادییەکان، لە لایەکی دیکەوە خاوەنی هێندێك جیاوازیی گەورەن کە بە کورتی ئاوریان لێدەدەینەوە.

ئەلف ـ ئەمجارەیان خەڵکی ئێران لە هەلومەرجێکی نوێی جیهانیو نێونەتەوەییدا دەژین کە لەودا شۆڕشی زانیاریو ئامرازەکانی گەیاندنی زانیاری دنیایان کردۆتە گوندێکی بچووکی ئەوتۆ کە هەموو گۆڕنکارییەکانی پێوەندییان پێکەوە هەیە.

ب ـ کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆیەوە دیتوە، ئەم گۆڕانکارییانە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو سیاسیی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە.

ج ـ کۆمەڵگەی ئێران لە باری دێموگرافییەوە ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێك هاتوە، لە لایەك زۆربەی پێکهاتەی حەشیمەتەکەی لاوە، لە لایەکی دیکەوە بەرەیەك لە حەشیمەت هاتۆتە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات کە هیچ نەخشێکی لە شۆڕشی ٥٧دا نەبوەو بە هیچ شێوەیەك دیفاع لە بایەخەکانی دەسەڵاتدارەتیی ناکا.

د ـ لە کۆمەڵگەی ئێراندا تێگەیشتنێکی قووڵو بەربڵاو سەبارەت بە چەمکەکانی حاکمییەت، دێموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مافو ئازادییەکانی تاكو . . بەدی دەکرێو ئەمڕۆ خەڵکی ئێران نەك ئەوەی بە شوێن رێبەرێکی کاریزماتیکدا ناگەڕێنو تەنیا هەر لە بیری رووخاندنی ئەو رێژیمەدا نین، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە دەوری دروشمە هاوبەشەکان کە سەرەکیترینیان رووخانی رێژیمو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکن، کۆبوونەتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش گەڵاڵەی جۆراوجۆر پێشنیار دەکەن.

**هۆکارە دەرەکییەکان:**

کاردانەوەو کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکانیش لە هەلومەرجی ئێستادا بە شێوەیەکی تا رادەیەکی زۆر جیاوازیی لەگەڵ هەلومەرجی پێش شۆڕشی ٥٧ هەیە. ئێستا جیا لەوەی هەلومەرجێکی جیهانیو نێونەتەوەیی بە تەواوی جیاواز لە جیهانو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا هاتۆتە گۆڕێو وادێتە بەرچاو کە رێژیمی دەسەڵاتدار زیاتر لە هەر کاتێکی تەمەنی کەوتۆتە ژێر فشارو کاردانەوەی ئەو سیاسەتە چەوتانەی سەبارەت بە دنیای دەرەوە گرتوویەتە بەر. لەم هەلومەرجەدا رێژم لە لایەك لە ئاستی ناوچەییدا کەوتۆتە گەمارۆی ئەو ناوچانەی کە بە ناوچەی نفووزی ئەمریکا دەژمێردرێنو لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی هەست پێکراو لە ژێر فشاری کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو زلهێزێکی وەك ئەمریکا دایەو داوای لێدەکرێ واز لە سیاسەتە چەوتەکانیو لە ریزی ئەوان یارمەتیدانو داڵدەدانی گرووپە تیرۆریستییەکان، پرۆژە ئەتۆمییەکان، دەس تێوەردان لە کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ . . . بێنێ.

بە گشتی دەتوانین بڵێین لە هەلومەرجی رووەو گۆڕانی ئێستای ئێراندا فاکتەری دەرەکی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە خزمەت وەدیهاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك لە ئێران دایە.

لە کۆتایی داو بە لەبەرچاو گرتنی لایەنە لێك جیاوازەکانی ئەو دوو هەلومەرجە دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە بڵێین هەم لایەنە هاوبەشو وێکچوەکانی هەلومەرجی ئێستاو هەم تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی ئەو هەلومەرجە لەگەڵ هەلومەرجی پێکهاتنی شۆڕشی ٥٧، مژەدەری کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی ئیسلامیو پێکهاتنی بارودۆخێکن کە چاوەڕوان دەکرێ ئاکامێکی بە تەواوی جیاواز لە شۆڕشی ٥٧ی لێبکەوێتەوە.

***

## دادخوازیی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە لای کوفی عەننان

# هاوارێك لە نێوخۆی ئێرانەوە

قادر وریا

لە ١٦ی پووشپەڕی ئەمساڵدا ڕێکخراوی خوێندکاریی "دەفتەری تەحکیمی وەحدەت" نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ کوفی عەننان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردو هاواری زۆرلێکراویو دادخوازیی خۆی بەم شێوەیە بردە لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەو نامە سەر ئاوەڵایەی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دووبارەوە شیاوی لێوردبوونەوەو گرنگی پێدانە کە دەکرێ بەمجۆرە ناویان بەرین: ١ ـ لە باری سیاسییەوە ٢ ـ لە باری حوقووقییەوە.

**لە باری سیاسییەوە:**

● دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بە دوای چاوخشاندنەوە بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی لە کۆبوونەوەکانی زستانو بەهاری ڕابردووی داو دەست پێکردنی ڕەوتی جیاییو دابڕان لە ڕێژیم، تا دێ بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەترو لێبڕاوانەتر نێوەرۆکی دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارو ماهییەتی دژ بە ئازادیو مافی مرۆڤی ئەو ڕێژیمە لە قاو دەدا. ئەم پەردە لادانەی ڕێکخراوی ناوبراو لە سەر ماهییەتی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی بەڵگەیەکە بۆ ڕاستوێژیو جیددیبوونی ئەوان لە نەفیکردنی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا.

● هەروەك ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی خوێندکاری لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ خاتەمی (٥ی پووشپەڕ) ڕایان گەیاند، ئەو نامانەی لە کۆتایی بەهارو سەرەتای هاوینی ئەمساڵدا بۆ خاتەمیو هێندێك لە جڵەوبەدەستانی حاکمییەت نووسران، دوایین وتووێژەکانی نێوان بزووتنەوەی خوێندکاریو کۆماری ئیسلامی بوون. ئەوە کە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی نزیکەی ٣٠ زانستگەی بەناوبانگی ئێران، ڕووی دادخوازیو هاواری زۆرلێکراویی خۆی دەکاتە "کوفی عەننان"، مانای ئەوەیە هیچ مەقامو نیهادو دامەزراوێك لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نەماون کە خوێندکارانی بە شایانی ئەوەی بزانن گیروگرفتی خۆیانی لەگەڵ باس بکەن. ئەو مەقامو نیهادو دامەزراوانە یا بڕیار بەدەستی خۆسەپێننو هەمەکارەنو قازانجیان لە سەرکوتی بزووتنەوەو حەرەکەتە ئیعترازییە تەنانەت ئاشتیخوازانەکانیش دایەو، بۆخۆیان ماکەی سەرەڕۆییو دیکتاتۆریو زەوتکەری مافو ئازادییەکانی خەڵکن (وەك ڕێبەری، مەجلیسی خیبرەگان، شووڕای نیگابان، مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتو . . .). یا ئەگەر بە دەنگی خەڵکیش هەڵبژێردراون (وەك مەجلیسو سەرکۆمار) ناتوانن وەڵامدەری چاوەڕوانییە بەهەقەکانی هاونیشتمانان بن. چونکە هەرچی سەرکۆمارە، ملی بۆ تەڕاتێنو بگرەو بەردەو سیاسەتو کردەوەکانی کۆنەپارێزان ڕاکێشاوەو ئامادە نیە لە بەر بەرژەوەندی نیزام پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشێو هەنگاوێکی ئازایانە هەڵبگرێ. مەجلیسیش بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو هێرشو پەلامارە هەموو لایەنەیەی قۆڵی باڵادەستی ڕێژیم بۆ سەر خەباتی ئازادیخوازیی خەڵك دەستی پێکردوە، نەك هەر یەکدەست نیە، بەڵکوو وەزعێکی زۆر خراپی هەیە. سەرۆکی مەجلیس لە فیداکردنی خەڵكو مافو ئازادییەکانیان لە پێناوی بەرژەوەندی نیزامدا، نەك کەسێکی وەك خاتەمی، بەڵکوو زۆریش لە پێشەوەی ناوبراوە. ئەندامانی کۆنەپارێزی مەجلیسیش دژی هەرچەشنە هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازانی نێو مەجلیسنو ئەوەندەی بۆیان دەکرێ لە تریبوونی مەجلیسو دەنگی خۆیان بۆ دژایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵك وەردەگرن. ئەو نوێنەرانەش کە بە ئیسلاحتەڵەب ناسراون، لە ڕاستیدا بەشێکیان بە قەولەکانی سەردەمی هەڵبژاردنو بە ئامانجەکانی خەڵك وەفادارنو سەرەڕای هەموو فشارو دژایەتیو کارشکێنیو تەنانەت مەترسییەك کە لە پێشیانە، کۆڵیان نەداوە. بەوحاڵەش جگە لە هاوڕێیەتیو هاودەنگی لەگەڵ هەزاران تێکۆشەری سیاسیو ڕووناکبیری ئازادیخوازو وەزاڵەهاتوو لە کۆماری ئیسلامی، بە کردەوە شتێکی ئەوتۆیان لە دەست نایەو ناتوانن وەزعەکە بە قازانجی خەڵكو بە زیانی دیکتاتۆریو پاوانخوازی بگۆڕن.

● دادبردنی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ لای کوفی عەننان، هەر لە جێدا ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەگەر لە وڵاتانی دێموکراتو پابەند بە مافی مرۆڤو هاونیشتماناندا دەزگای قەزایی دواپەناگەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی وڵاتە، لە ئێراندا سیستمی قەزایی، نەك هێزێکی سەربەخۆو پارێزەری داد، بەڵکوو بەشێکە لە دەزگای سەرکوتو، ڕاست لە خزمەتی ئامانجو مەبەستەکانی تاقمە باڵادەستەکەی نیزامی سیاسیی وڵات دایە. سیستمی قەزایی ئێران بۆ قەرەبووی بێمتمانەییو ناڕەزایەتیی ڕێبەر لەو وەزارتخانەو دامودەزگایانە کە بێئەملاو ئەولا لە ژێر فەرمانیدا نین، زیندانو ئەشکەنجەگاو هێزی چەکدارو سەرکوتکەری تایبەت بە خۆی هەن. سیستمی قەزایی ئێران لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی دیکەیە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵام دەوڵەتێك کە لە جێبەجێکردنی فەرمانی ڕێبەریو بڕیار بەدەستەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆردا، "نا"ی نیەو لە هەموو ئیمکاناتی خۆیو لە پێشەوە "قانوون"، بۆ سەرکوتی هەرچەشنە ناڕەزایەتیو ڕەخنەگرتنێك کەڵك وەردەگرێو لەو پێوەندییەدا تەنانەت بەزەیی بە نوێنەرانی مەجلیسو ئەو کەسایەتییە دینیو ئایینییانەشدا نایە کە بە بۆنەی تەمەنێك خزمەت بە کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە پێیان قەرزدارە.

● هەتا ئێستا زۆر حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیی ئێرانی دادی خۆیانو خەڵکی وڵاتەکەیان بردوە بۆ لای کۆڕو کۆمەڵو ناوەندە جیهانییەکان، یەك لەوان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لە نێوخۆی ئێرانەوە بە تایبەتی لە لایەن ڕێکخراوێکەوە کە بەشێك بووبێ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیو هەتا ئەم دواییانەش بە ئیمکاناتو دەست لە پشتدانی ئەو ڕێژیمە تێکۆشانی بووبێ، یەکەم جارە بەم شێوەیە نێوەرۆکی دژ بە ئازادیو مافی مروڤی کۆماری ئیسلامی بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قاو دەدرێ.

● دەفتەری تەحکیمی وەحدەت وەك هێندێك کەسایەتیو کۆمەڵەو گرووپی ریفۆرمخوازی دیکە، کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی لە بواری پێشیلکردنی مافی مروڤدا نەبەستۆتەوە بە قۆناغێکی دیاریکراو لە تەمەنی ڕێژیم. ئەگەر هێندێك لە ڕیفۆرمخوازەکان وا نیشان دەدەن کە تەنیا لە سەردەمی دوو دەورە سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیدا یا لە دوای هاتنە سەرکاری خاتەمییەوە، ئەویش لە لایەن پاوانخوازانو کۆنەپارێزانەوە دژایەتیی مافو ئازادییەکانی خەڵك کراوە، نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، سەرانسەری تەمەنی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەنگێوێ. ئەو نامەیە قەتڵو جینایەتەکانی دەیەی ٦٠و ٧٠ بە مەبەستی لە نێوبردنی مرۆڤەکان سەبارەت بە بیروڕایان، کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی زیندانییە سیاسییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبواردوەو ڕادەگەیەنێ کە بێبڕوایی بەو مافو ئازادییانەی لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوونو پێشیلکردنیان بە ڕاشکاوانەترین شێوە، لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە تا ئێستا، هەبووە. دیارە ئەو جۆرە ڕاستیانە زۆر لەوەپێش لەلایەن ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی دنیا گەیاندراون. بەڵام داننان بەو ڕاستییانەداو داد بردن بۆ لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ڕێکخراوێك کە تا ئەم دواییانە نەك ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم، بەڵکوو بەشێك بووە لەو، مانای تایبەتیو زۆری هەیە.

**لەباری حقووقییەوە:**

نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ کۆفی عەننان، نموونەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی لە ئێراندا زۆر بە ڕوونی دەست نیشان کردوون. ئەونامەیە لەگەڵ ناوبردنو قامك دانان لەسەر زۆر بەندو ماددەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، جۆرو شێوەو نموونەکانی پشت گوێ خستنو پێشێل کردنی ئەو ماددانەی لە ئێراندا وەبیر هێناوەتەوە. بەتایبەتی ئیشارە بە مەرگی دڵتەزێنی "محمد جعفر پوینده" لە دەستپێکی نامەکەدا، دەتوانێو توانیویەتی مەبەستێکی گەورە بپێکێ. ئەویش پێشاندانی زۆرلێکراویی "مافی مرۆڤ"و ناسێنەرانو داواکارانی شێلگیری ئەو مافانە. ڕووناکبیری ئازایخواز "محمد جعفر پویەندە" بە بۆنەی وەرگێڕانی "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"و وەرگێڕانی چەند کتێبی دیکە هەر لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، وەك یەکێك لە ناسێنەرانی مافە ئینسانییەکانو وەك خەباتکارێکی ناسروای گۆڕەپانی تێکۆشان بۆ مافو ئازادییە ئینسانییەکان ناسرابوو. ڕێژیمێك کە بڕیار دەدا ڕووناکبیرو تێکۆشەرێك بەو ڕابردوو و ناوبانگەوە لەنێو ببا و لە ڕێگای ڕفاندنو تیرۆرەوە، بڕیارەکەی خۆی دەباتە سەر، لە ڕاستیدا دوژمنایەتیی بێسنوورو ئاشکرای خۆی لەگەڵ "مافی مرۆڤ" پێشان دەدا.




نامەی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت ماددەکانی ١و ٢ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ وەبیر دێنێتەوە: **"هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایك بوونو لەباری ئابڕوو و کەرامەتو مافەکانیانەوە لەگەڵ یەك بەرابەرن. . . ."و هەرکەس دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێك بەتایبەتی لەباری ڕەگەز، ڕەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسیو هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاو گیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی، داراییو سامان، چۆنیەتیی لەدایکبوون یا هەر باروودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو مافو ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون".** پاشان بە دروستی قامك لەسەر ئەو ڕاستییانە دادەنێ کە: **"لەمێژ ساڵە ئاپارتایدی سیاسیو کۆمەڵایەتیی سەرچاوە گرتوو لە تێگەیشتنی چەوت لە دینو ئایین، خۆمانەکان لە ناخۆمانەکان، هاوبیرو باوەڕەکان لە ناهاوبیرەکان، شۆڕشگێران لە ناشۆڕشگێرانو شارۆمەندانی پلە یەك لە شارۆمەندانیپلەی ٢ی لێك جیا کردۆتەوەو مافی دەست ڕاگەیشتن بە نیعمەتە کۆمەڵایەتییەکان لە دەسەڵات، سامان، پلەوپایەو زانیاری، لە ڕێگای بەستراوەیی بە حاکمییەتەوە نەبێ، مومکین نیە."**

هەر لەو نامە سەرئاوەڵایەدا پاش وەبیر هێنانەوەی ماددەی ٣ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ کە دەڵێ: "هەر مرۆڤێك مافی ژیان، ئازادیو ئەمنییەتی تایبەتی خۆی هەیە" گوتراوە کە **"بەڵام لە وڵاتی ئێمە لە درێژایی دەیەی ٦٠و ٧٠ی هەتاویدا زۆر قەتڵو جینایەت لە دژی ئینسانەکان تەنیاو تەنیا سەبارەت بە هەبوونی بیروڕای جیاواز بەڕێوەچوون کە دەسەڵاتدارەتی یا بەشێك لە حاکمییەت، ڕاستەوخۆ دەستیان تێدا هەبووە."**

دەفتەری تەحکیمی وەحدەت قەتڵی کۆمەڵێك لە نووسەرانو ڕووناکبیرانی سەربەخۆی وەك دوکتور سامی، داریووش فرووهەر، پەروانەی ئەسکەندەری، مەجیدی شەریف، محەممەدی موختاری، جەعفەری پووپەندە، سەعیدی سیرجانی، پیرووز دەوانیو ژمارەیەك کەسایەتیی بە ناوبانگو کەسانی نەناسراو لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠و ٧٠و بەتایبەتی لە پاییزی ساڵی ٧٧دا بەهۆی هێزە ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکانەوە، هەروەها ئەو هەموو ئیعدامەی کە بی موحاکەمەو بی سەلماندنی تاوان لە دەیەی ٦٠و بە تایبەتی لە پاییزی ساڵی ٦٧دا بەڕێوە چوون، وەك نموونەی هەرە زەقی پێشێلکردنی ماددەی ٣ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە نموونە هێناوتەوە.

ماددەکانی ٥و٦و٧ی بەیاننامەی جیهانی باسی مەنع کردنی ئەشکەنجەو سووکایەتی لەدژی مرۆڤ، پێویستیی بە ڕەسمی ناسرانی کەسایەتیی حوقووقیی مرۆڤو یەکسانیی مرۆڤەکان لە بەرامبەر قانووندا دەکەن. نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ کوفی عەننان بۆ پێشێلکردنی بە ئاشکرای هەرکام لەو ماددانە، زەقترین نموونەکانو باوترین ڕەفتارکان لە ئێراندا، کە ئیدی بە گوێی هەموو دنیا گەیشتوون، بە نموونە دێنێتەوەو بە ڕاشکاوی دەڵێ کە **"ئەشکەنجەو ڕەفتاری ستەمکارانەو دژی ئینسانی لە دژی تێکۆشەرانی سیاسیو خوێندکاران، یەکجار باوەو ئەو نامانەی هێندێك لە گیراوە سیاسییەکان بۆ وێنە عەلی ئەفشاری، ئەحمەد باتبی، عیزەتوڵلا سەحابی، محەممەد مەلەکی، ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی، عەلیرەزا جەبباریو فەرەجی سەرکوهی لەبارەی ڕەفتاری ئەشکەنجەگەرانو بازجوویان لەگەڵ خۆیان، بڵاویان کردۆتەوە."** دەکا بە بەڵگەی ڕاستو دروست بوونی ئیددیعاکانی.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە پێشەکییەکو ٣٠ ماددە پێك هاتوە. نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت ٢٢ ماددە لە سەرجەمی ئەو ٣٠ ماددەیەی ناوبردوون کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا پێشێلیان کردوونو پەردەی لەسەر ژێر پێ خستنیان لاداوە. جگە لەو ماددانەی تا ئێستا ئیشارەیان پێکرا، ماددەکانی ٨،٩،١٠،١١،١٢،١٨،١٩،٢٠،٢١، ٢٩ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەو ماددانەن کە لە نامەی تەحکیمی وەحدەتدا ئیشارەیان پێکراوەو گوتراوە لە ئێراندا نەك ئەو مافو ئازادییانە ڕێزیان لێ ناگیرێ، بەڵکوو بە زەقترینو بێشەرمانەترین شێوە دەخرێنە ژێر پێ.

دەفتەری تەحکیمی وەحدەت ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە دەسەڵاتی حاکم کە ئەو کارنامە ڕەشەی لە بواری مافی مرۆڤو ئازادییە ئینسانییەکاندا هەیە، هیچ ڕێگایەکی نەهێشتۆتەوە تا خەڵك بتوانێ بە شێوەی یاسایی وەزعەکە بگۆڕن. ریفراندۆم بە بێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتداران، مومکین نیە. بوونی پارلمانیش لە ئێراندا، تەنیا نیشاندانی ژێستێکی دیمۆکراتیك لەلایەن ڕێژیمەوەیە. **"چونکە چووکترین بڕیارو دەنگدانی پارلمان کە لە بەربەرەکانیو دژایەتیی یاساو ڕەفتاری ستەمکارانەی دەسەڵاتدا بێ، لەگەڵ ڤیتۆی ئەندامانی هەڵنەبژێراو و خۆسەپێنی حاکمییەتی موتڵەقە بەرەوروو دەبێو بە کردەوە پووچەڵ دەکرێتەوە".**


نامەی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە کۆتاییدا ئەو ڕاستییەی وەبیر کوفی عەننان هێناوەتەوە کە هەروا کە تاك هێندێك ئەركو تەعەهودو بەرپرسایەتیو تەکلیفی بەرامبەر بە کۆمەڵ هەیە، کۆمەڵیش لەسەریەتی مافو ئازادییەکانی بە ڕەسمی بناسێو دابینیان بکا. **"بەڵام بە داخەوە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکان، ڕێوشوێنەکانی دادپەروەریو پێداویستییە ئەخلاقیییەکانو نەزمو خێرو خۆشیی گشتی لە کۆمەڵی ئێمەدا دەخرێتە ژێر پێو ئامۆژگاریی دڵسۆزانەو ڕەخنەی لە ڕووی دڵسۆزییەوەی ڕووناکبیرانو ڕیفۆرمخوازان، هیچ بایەخی پێنادرێ".** بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی نزیکەی ٣٠ زانستگەی سەرانسەری وڵات داوایان لە کوفی عەننان کردوە **گوێ لە دادیان بگرێو دادیان بستێنێ، نەك کاتێکی دیکە، هەر ئێستا کە مەزلوومانە پەنایان بۆ ناوبراو هێناوەو چاوەڕوانن تا پێشی کارەساتی ئینسانیو تراژیك بگرێو هەوڵ بدا سێبەری ئاشتیو ئازادی، دێمۆکراسیو مافی مرۆڤ بە سەر ئەم وڵاتەدا بکشێ.**


لەکۆتاییدا خراپ نیە هەر بۆ پێزانینو قەدرناسییش بووە، ئەو ڕاستییە وەبیر بخەینەوە کە بەر لە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، زۆر کەسایەتیی خەباتگێر، حوقووقیو مرۆڤدۆستی دیکەی ئێران، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیان لە پێشێل کردنی مافو ئازادییە ئینسانییەکان لە ئێراندا ئاگادار کردۆتەوە کە دوکتور عەبدولکەریمی لاهیجی لە پێشەوەی هەموانیان بووەو هەوڵەکانیشیان لە ناساندنی نێوەرۆکی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامیدا جێگای خۆی هەبووە. بەڵام وەك لە سەرەتاوە گوتمان، نامەی سەرئاوەڵای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، هاوارێکە لەنێو خۆی وڵاتەوەو هەر لەو کاتەدا لە سەرانسەری ئێرانەوە، چونکە نوێنەرانی بەشێکی بەرچاو لە خوێندکارانی نزیکەی ٣٠ زانستگەی وڵات، هاواری خۆیان تێکەڵی یەك کردوەو بە مەبەستی دادستاندن لە کۆماری ئیسلامی، ئەو دادو هاوارەیان بردوە بۆ لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکرگرتووەکان. دادو هاوارێك کە لەباری یەکدیگر (منطبق) بوون لەگەڵ نیوەرۆکی ماددەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە، بناغەیەکی پتەو حاشا لێ نەکراوی هەیەو ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، ئەگەر بە ڕاستی بیهەوێ بە پێی ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی لە بواری پەرەپێدانو پاراستنی مافی مرۆڤدا، بجوولێتەوە، نابێ خۆی لە چاوەڕوانییەکانی نووسەرانی ئەو نامەیە بدزێتەوە.

❊❊❊

# هەواڵەکانی کوردستان

## شەهیدبوونی دوو هاوڕێی تێکۆشەر


شەهید هەژار


شەهید شەمسەدین

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ سەردانی ناوچە گەڕابوونەوە، لە ئاوایی "مێراو" سەربە ناوچەی "ژاوەرۆ"ی سنە، کەوتنە کەمینی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و تەقەیان لێ‌کرا. لە ئاکامی ئەو تەقەیەدا بە داخەوە دوو هاوڕێ بەناوەکانی "ئەمانوڵلا ڕەزایی" ناسراو بە "هەژار"و "شەمسەدین ڕۆستەمی" شەهید دەبن‌و گیانیان لە ڕێگای ئازادی‌و بەختەوەریی گەلەکەیاندا بەخت دەکەن.

شەهید "هەژار ڕەزایی" کە دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی،ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە ئاوایی "تەنگی‌سەر" سەربە ناوچەی "ژاوەرۆ"ی سنە لە دایك بووە، ساڵی ١٣٦٢ لە ڕێگەی شەهید خەلیلی برایەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا دەبێ‌و تێکۆشانی تەشکیلاتی‌و سیاسیی خۆی دەست پێ دەکا، ساڵی ١٣٦٦ بە ئاشکرا پێوەندی بە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ١ی جنووبی کوردستانەوە دەگرێ‌و وەك پێشمەرگەیەکی بە بیروباوەڕ پلەکانی بەرپرسایەتیی نیزامی وەك جێگر پەلی، سەرپەلی، جێگر دەستەو سەردەستە دەبڕێ‌و لە دەیان چالاکی پڕلە شانازی‌و بوێرانەدا لە ناوچەی جنووبی کوردستان بەشداری دەکا. بەهۆی لێهاتوویی‌یەوە ڕەوانەی دەورەکانی فێرگەو مودیرییەت‌و فەرماندەهی‌و دەورەی سیاسی دەکرێ‌و سەرکەوتنیان تێدا وەدەست دێنێ.

دووهەمین شەهیدی ئەو ڕووداوە، هاوڕێ "شەمسەدین ڕۆستەمی"یە. شەمسەدین ڕۆستەمی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە ئاوایی "هویە"ی سەربە ناوچەی "ژاوەرۆ"ی مەریوان لە دایك بووە، لە ڕێگەی شەهید تەهای ڕۆستەمی برایەوە لەگەڵ حیزب‌و سیاسەتەکانی ئاشنایەتی پەیدا دەکاو لە ناوچەدا فەعالییەتی تەشکیلاتی‌و سیاسیی خۆی دەست پێ دەکا، ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لەلایەن ڕێژیمەوە تەعقیب دەکرێ‌و لە ئاکامدا هەر ئەو کاتە خۆی دەگەیەنێتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیەدا.

شەهید "شەمسەدین ڕۆستەمی" لە زستانی ساڵی ١٣٧٤دا بە سەرکەوتنەوە دەورەی سیاسی ـ نیزامی تەواو دەکاو ساڵی ١٣٧٧ بۆ بینینی دەورەی سیاسی دیاری دەکرێ‌و پاشان وەك کادرێکی لێهاتووی حیزبی، بە ئوگرییەکی تەواوەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی تێدەکۆشێ.

"کوردستان" وێڕای دەربڕینی داخ‌و پەژارەی خۆی بۆ لە دەستچوونی ئەو دوو هاوڕێ تێکۆشەرە، سەرەخۆشیی پێشکێشی بنەماڵەی بەڕێزیان‌و هەروەها کەسوکار، دۆست‌و ئاشنایان‌و هاوسەنگەرانیان دەکاو ئاوات دەخوازێ کە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانیان پڕ ڕێبوار بێ.

**ڕۆحیان شادو ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ**

## دیداری هەیئەتەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وکۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



سەعات ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممۆ، ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، باباعەلی مێهرپەروەر، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، حەمە نەزیف قادری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و سەید برایی کەریمی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی لەگەڵ هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان عەبدوڵڵا موهتەدی، ئەبوبەکر مودەریسی، فارووق بابامیری، عەبدوڵڵا عەزیمی، جەعفەری ئیلخانی‌زادە، محەممەدی شافعی‌و ئەنوەر محەممەدی دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران‌و کوردستان کەوتنە بەرباس‌و لێکدانەوەو لەو بارەیەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا کە بۆچوون‌و لێکدانەوەکان زۆر لێك نێزیك بوون. هەروەها لەو دیدارو دانیشتنەدا باس لە گەلاڵەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هاتە گۆڕو هەردوولا پێیان لە سەر پەرەپێدانی پێوەندی‌یەکان‌و پێکهاتنی هەیئەتی‌هاوبەش بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلە گرینگە داگرتەوە.. ئەو دیدارو دانیشتنە سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کۆتایی پێ‌هات.

## کۆماری ئیسلامی‌و ڕەفتارێکی دژی فەرهەنگی

بە پێی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە درێژەی سیاسەتی فەرهەنگیی خۆی دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دوو خوێندکاری کوردی کە لە تاقیکردنەوەی قۆناغی دوکتۆرا لە سەرانسەری ئێران هەرکام لە ڕشتەی خۆیاندا پلەی یەکەمیان بە دەست هێنابوو، لە موساحبەی گوزینش‌دا ڕەت کردۆتەوەو ڕێگای نەداوە کە لە قۆناغی دوکتۆرادا درێژە بە خوێندن بدەن. ئەو دوو خوێندکارە کوردە بریتین لە:

١ ـ حوسێن خودامورادی، خاوەنی بڕوانامەی فەوقی لیسانس لە ڕشتەی کۆمەڵناسی بە پلەی یەکەمی دوکتورای کۆمەڵناسیی ئێران لە ئازموونی زانستی‌دا وەرگیرابوو. ناوبراو خوێندکاری زانکۆی "تەربیەت مودەڕیس"ی تاران بوو.

٢ ـ تەیموور ئیمانی، خەڵکی مەریوان خاوەنی بڕوانامەی فەوقی لیسانس لە زانکۆی "سەنعەتیی شەریف"ی تاران‌و خاوەنی پلەی یەکەم لە ئازموونی دوکتۆرای سەرانسەریی ئێراندا.

## مەریوان

ڕۆژی هەینی ٣ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەختیار گەڕاوەند، فەرماندەریی مۆڵگەی "کانی کەوە"، هەڵکەوتوو لە بناری شاخی "سورێن" ڕێگا بە چەند کەسێك دەگرێ‌و ئازاریان دەداو پارەیان لێ‌دەستێنێ. دوای ئەوە ئەو کەسانە دەچنە حیفازەت‌و شکایەتی لێ‌دەکەن. ناوبراو بە ڕواڵەت بە تاوانی بەدڕەوشتی‌و بەرتیلخۆری دەگیرێ، بەڵام بە جێگەی لێپرسینەوە لەو فەرماندەرە ٥ کەس لە سکاڵاکەرەکان دەست بەسەر دەکا.

هەروەها ڕۆژێك دوای ئەوە گروبانێکی سەر بەو پایەگایە، منداڵێکی شوان دەگرێ‌و دوای لێدانێکی زۆر ٥ هەزار تمەنیش لە باوکی منداڵەکە دەستێنێ. ڕۆژی دوایی چەند لاو پێشی پێ‌دەگرن‌و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کارەی‌دا سەرکۆنەی دەکەن، بەڵام ئەو لاوانە دەگیرێن‌و زیندانی دەکرێن.

## سەقز

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی کەسێك بە ناوی تەوفیق ـ سیگر، خەڵکی ئاوایی "ساحێب" لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە ماڵەکەی خۆی دەکوژرێ کە تا ئێستا بکوژان‌و هۆی ئەو قەتڵە ڕوون نەبۆتەوە.

## سەردەشت

### ئازاردانی خەڵکی کاسبکار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٢/٤/٢٥ی هەتاوی لە شوێنێك بەناوی "کێلێ" لە ناوچەی سەردەشت، هێزەکانی ڕێژیم تەقە لە کۆمەڵێك کاروانچی دەکەن کە لە ئاکامدا کاسبکارێك بەناوی "ڕزگار عومەرنەژاد" کوڕی محەممەد خەڵکی بێورانی سەردەشت بریندار دەبێ. حەوتوویەك دوایی هەر لەو شوێنەدا تاقمێکی دیکە لە کاروانچی‌یەکان دەکەونە نێو کەمینەوەو بارو شتومەکەکانیان بە تاڵان دەبرێن. پێویستە بگوترێ هەر لەو ماوەیەدا لە شوێنێکی دیکەی ئەو ناوچەیە بەناوی "جەماڵ دینی" لەلایەن هێزکانی ڕێژیمەوە کاروانچی‌یەك بەناوی "بەکرەی کوێخا حسێن" خەڵکی بێوران دەگیرێ‌و ڕەوانەی زیندان دەکرێ. چەند ڕۆژ دوایی هێزەکانی ڕێژیم لە گوندی "باڵان"ی ڕەبەتیش تەقە لە خەڵکی کاسبکار دەکەن‌و کەسێك بەناوی "تەوفیق" دانشتوی سەردەشت دەگیرێ.

## سنە

بە پێی هەواڵێك کە لە شاری سنەوە بە "کوردستان" گەیشتوە، نزیکەی مانگێ لەمەوبەر کەسێ بەناوی "حمید خانزادپوور" خەڵکی شاری سنە بێ‌سەرو شوێن کرا تا ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا تەرمەکەی لە "حەسەن‌ئاوا"ی سنە دۆزرایەوەو براوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی "تەوحید". شایانی باسە هۆی مردنی ناوبراو بڕانی شاڕەگی خوێن بووە، بەڵام تا ئێستا هۆی بێ‌سەرو شوێن‌بوون‌و کوژرانی نەزانراوە.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سویس:

### ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی چواردەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٨٢ی هەتاوی، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس، ڕێوڕەسمی چواردەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری سەرکردە د. قاسملوو هاوڕێیانی لە یەکێك لە هۆتێلەکانی شاری "بێرن"ی پێتەختی ئەو وڵاتەدا بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا دوای خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی حیزب لەلایەن بەرپرسی ئەو کومیتەیە لە وڵاتی سویس، هاوڕێ میرۆ عەلیار لەسەر کارەساتی ڤییەن‌و هەڵوێستی حکوومەتی ئەو کاتەی ئۆتریش‌و هەروەها لەسەر وەزعی ناوخۆی ئێستای ئێران‌و کوردستانی ئێران بە دوو زمانی کوردی‌و ئاڵمانی پێشکەش کرد. بەدوای ئەوەدا دەقی پەیامی پارتی سەوزی سویس کە لە لایەن سکرتێری گشتیی ئەو پارتەوە، بەڕێز هووبێرت تسورکێندن" Hobert Tzurkinden بەو بۆنەوە ناردرابوو، خوێندرایەوە کە لەو پەیامەدا دوای باسێك لەسەر مافی مرۆڤ لە ئێراندا، دێتە سەر مەسەلەی کوردی ئەو بەشە لە کوردستان‌و وێڕای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس، ئاشتی‌و عەداڵەت‌و پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیك دەربڕی.

بە شوێن ئەو پەیامەدا، پەیامی خاتوو "مارگرێت شتووکی" Margrit Shtucki ئەندامی پەرلمان‌و جێگری سەرۆکی شارەوانیی پارێزگای شاری بێرن‌و نوێنەری پارتی سوسیال دێموکراتی سویس، خوێندرایەوە کە لە بەشێك لە پەیامەکەی ناوبراودا جگە لە هاوسۆزی‌و پشتیوانیکردنی پارتی سۆسیال دێموکراتی سویس لە مەسەلەی کوردو بزووتنەوەی دێموکراتیکی گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا هاتبوو کە د. قاسملوو کەسایەتی‌یەکی بەتواناو لێهاتوو بوو کە بۆ ئاشتی‌و ئازادی تێدەکۆشاو هەوڵی ئەوە بوو کە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بدۆزێتەوەو لەو بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. تیرۆری ئەو ڕێبەرە لەسەر مێزی ئاشتی وەك پەڵەیەکی ڕەش بەنێو چاوانی حکوومەتی ئێرانەوە دەمێنێتەوە، بەهیچ شێوەیەك نابێ بێدەنگی لێ بکرێ.

پاش ئەو پەیامە، پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خوێندرانەوە.

هەروەها لەبەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان‌و پارتی یەکیەتیی کورد لە کوردستانی سووریە پێشکەش کران.

لە کۆتایی‌دا هاوڕێیان، تەها عەتیقی‌و ئاسۆ حەسەن‌زادە لەو پێوەندی‌یەدا وتاری خۆیان پێشکەش کرد. شایانی باسە ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێ کردو کاتژمێر ٧:٣٠ کۆتایی پێ هات.

**

## کانادا:

### کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە کوژرانی زارا کازمی

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٨٢ی هەتاوی لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی ـ ئێران‌و ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکانی ڕۆژئاوای کانادا، لە ناوەندی شاری "وانکۆوێر" کۆبوونەوەیەکیان بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە کوژرانی "زارا کازمی" وێنەگرو ڕۆژنامەنووس، دەستبەسەرکردن‌و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسان لە ئێراندا پێك هێنا.

دوای خوێندنەوەی بابەتێك بەزمانی ئینگلیزی، لەلایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکەوەو لەسەر وەزعییەتی ڕۆژنامەنووسان لە ئێراندا، چۆنێیەتی کوژرانی "زارا کازمی"، پەیامی خاتوو "هدی فرای"، نوێنەری پارلمانی کانادا خوێندرایەوە کە لەودا پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران دەربڕی‌و لە کۆتایی‌دا هێندێك تراکت لەنێو خەڵك‌دا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کرانەوە کە تێیاندا هاتبوو: ئێران وەك گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا، ئێران وڵاتێکی نائەمن، ئێمە خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌وبە دەسەڵات گەیشتنی سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێران داین.

**

## پاریس

### کۆبوونەوەیەك بۆ یەکیەتیی کردەوە لە پاریس

ڕۆژی شەممە ٤ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەك بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ هاوکاری‌و یەکێتی بە کردەوە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پاریس‌دا پێك هات. نوێنەری حیزب هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی کە لەو دانیشتنەدا بەشدار بوو گوتی: حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوی پلینۆمی ٨دا ڕای‌گەیاندوە کە ئێمە بۆ هاوکاریی ئوسوولێکمان هەیەو هەرچەشنە هاوکاری‌یەکی بەکردەوەی ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بە گوێرەی نێوەرۆکی ئەو ئوسووڵە دەبێ. شایانی باسە کە سەرجەم بەشدارانی کۆبوونەوەکە جۆرێك سیستمی فیدراڵیان بۆ ئێران بە گونجاو زانی‌و لەو بارەوە بیروڕای خۆیان دەربڕی. درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەش دەکەوێتە مانگی سەرماوەزی داهاتوو.

**

# وەڵامێك
# بۆ قسەکانی کاک سەلاحی موهتەدی

کاک سەلاحی موهتەدی کوردی ئێرانیی دانیشتووی سوئید، ماوەیەك لەمەوبەر وتوویژێکی لەگەڵ سایتی "دیمانە"دا ئەنجام داوە کە لەوداو لە وەڵامی پرسیارەکانی نوێنەری ئەو سایتەدا کۆمەڵێك باسو بابەتی لەپێوەندی لەگەڵ: ژیانی تاراوگەیی خۆی، چۆنیەتیی تێپەڕکردنی ڕۆژەکانی ژیانی، دۆخی کوردستان، ئامانجی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە لابردنی سەددام، پێوەندیی هێزەکانی کوردستانی عێراقو نەمانی سەددامو هەڵویستی ڕێکخراوە ئێرانیوکوردستانییەکان هێناوەتە گۆڕێو ڕاو بۆچوونی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ هەرکام لەو مەسەلانەدا دەربڕیوە.

دیارە هەم کاک سەلاحو هەم هەر کەسێکی دیکە بۆی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ هەر مەسەلەو هەر حیزبو ڕێکخراوێکدا بۆچوونو بیروڕای خۆی هەرچۆنێك بێ دەربڕێو خەڵکیان لێ ئاگادار بکا، جا ئەگەر ئەو بۆچوونو لێکدانەوانە بە شێوەیەکی دڵسۆزانەو بە مەبەستی خەمخۆری بۆ کوردو کوردستانیش بێ چ باشترو ڕەنگە بیسەرانو خوێنەرانیش زیاترو بە متمانەی پترەوە سەیری بکەنو سوودی لێوەربگرن. بەڵام بەداخەوە کاک سەلاحی موهتەدی لەو وتوویژەدا کەم خۆی پابەندی ڕاستییەکان کردوە، بەتایبەتی ئەوەی لەبارەی هێزە سیاسییەکانەوە خستوویەتە بەرچاوو گوێی بینەرانی "دیمانە" زیاتر لەوەی هەڵسەنگاندنو لێکدانەوە بێ، هەڵرشتنی هێندێ کۆنە قینی خۆی بەرامبەر بە هێندێ لایەنی سیاسییە. دیسان بەداخەوە تەنانەت ئەو بەشەی کە پێوەندیی بە ژیانی شەخسی خۆشییەوە هەیە، پتر لەوەی وەك هەبووەو هەیە، باس بکرێ بە جۆرێك باس کراوە کە حەزدەکا وا بوایەو هەربۆیەش زۆرجار لەگەڵ ڕاستییەکان جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

لەم نووسینەدا نە دەمانەوێ لاپەڕەکانی ژیانی ڕابردووی ناوبراو هەڵدەینەوەو نە هەوڵ دەدەین لە جیاتی هێندێ حیزبو لایەن کە لە وتوویژەکەدا بەجۆرێك کەوتونەتە بەر بێ لوتفیی کاک سەلاح وەڵام بدەینەوە، بەڵام حەز دەکەین بەشێك لە وتەکانی ناوبراو کە بەجۆرێك پێوەندییان بە حیزبی دیموکراتەوە هەیەو ئەو زمانو ئەدەبیاتەی کە قسەکانی پێبەیان کراوە بخەینە بەرباسو بە کورتییش بووبێ

**لەبارەی خاڵی دووهەمەوە کە کاک سەلاح دەڵێ "نازانم وتوویژی نهێنی لە ئارادایە یان نا" دەبێ بڵێین کە بەداخەوە کەم لوتفی دەکا، چونکە ساڵی ڕابردوو هەر بۆخۆی ڕاسپاردەی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژی نهێنیدا بۆ حیزبی دیمۆکرات هێناو وەڵامی ڕەدی حیزب بەم جۆرە وتوویژەشی وەرگرتەوە.**

وەڵامیان بدەینەوە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی وەك هەموو هەوڵەکانی ڕابردووی بە مەبەستی کزکردن یان کەساد نیشاندانی حیزبی دیموکرات نەزۆك بێتەوەو بینەرانی سایتی "دیمانە"شی لێ ئاگادار بکەینەوە.

کاک سەلاح لەو وتوویژەدا باس لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان" (لە کوردستانی عێراق) دەکا. لەو بارەیەوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین ئەو ڕێکخراوە هەر بە نەزۆکی لە دایك بووو نەیتوانی هەنگاوێك خزمەتی کوردو جووڵانەوەکەی بکا. بەراستی ئەگەر ئەو ڕێکخراوە لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە ڕاستو دروستو تەواوەو ئەو پیوانانە کە کاک سەلاح بۆ هێزێکی سیاسییان لە ڕابردووو لە ئێستادا بە پێویست دەزانێ دامەزرابووو لەو کەموکوورییانە بە دوور بوو کە ئەمڕۆ کاک سەلاح وەپاڵ هێزو ڕێکخراوە کوردستانییەکانیان دەدا، چۆن بوو وا بە زووییو بە سادەیی گیانی سپاردو لە مەیدان چووە دەرێ؟ بۆچی خەڵکی کوردستان نە خەبەریکیان لێ بیستو نە ئەسەریکیان لیی دیت؟ کاک سەلاح لەبارنەبوونی هەلومەرجی کوردستانی عێراق بۆ پەرەگرتنی ڕێکخراوێکی لەو بابەتە بە هۆی نەزۆك بوونی ئەو هەوڵەی دادەنێ. ئەوە ڕەنگە بتوانێ وازهێنانی کاک سەلاح لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە شاخو داخی کوردستان پاساو بدا، بەڵام ناتوانێ پاساوی سەرنەکەوتنی ڕێکخراوێك بێ کە وەك ئالترناتیڤ بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان دروستی کردبوو.

چونکە ئەگەر لە کوردستانی ئێران ئەو ئالترناتیڤە دەسکردەی کاک سەلاح زەمینەیەکی پەرەگرتنو گەشەکردنی هەبوایە، کەس لە کوردستانی عێراقەوە نەدەهات پێشی پێبگرێو کاک سەلاح دەیتوانی پاش گەڕانەوەی "سەرکەوتوانە"ی بۆ باوەشی "دایکی نیشتمان" ڕێکخراوەکەی بکاتە ڕێکخراوی هەموو خەڵکی کوردستان؟!

کاک سەلاح لە وەڵامی پرسیارێکداو لەپێوەندی لەگەڵ ئەندام نەبوونی خۆی لە هیچ ڕێکخراوێکدا دەڵێ: تا ئێستا " یان ئەندامەتیم پێنەبەخشراوە، یان خۆم وەرم نەگرتووەو هەر سەربەخۆ کارم کردوە".

ئەوە کە ناوبراو ئەندامەتیی هیچ ڕێکخراوێك وەرنەگرێو سەربەخۆ کار بکا، مافی بێئەملاوئەولای خۆیەتی، بەڵام ئەندامەتیی پێنەبەخشرانی دەبێ هۆیەکی هەبێ. چونکە هەر حیزبو ڕێکخراوێك لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵ دەدا کەسانی خۆشناو بۆ ڕیزی تێکۆشەرانی خۆی ڕاکێشێو لە فکرو بیروبۆچوونو تواناکانی کەڵك وەرگرێ. تۆ بڵێی ئەو ئەندامەتی پێنەبەخشرانە لەبەر نەپێکانی ئەو مەبەستە بێ کە هەر ڕێکخراوێك لە ڕاکێشانی خەڵك بۆ لای خۆیدا لەبەر چاوی دەگرێ؟

هەروەك ئاماژەی بۆ کرا ئێمە نامانەوێ لەسەر ئەو بەشە لە قسەکانی کاک سەلاح کە لە وتوویژەکەیدا سەبارەت بە هێندێ حیزبو ڕێکخراوی ئێرانیو کوردستانی (تورکیەو عێراق) کردوونی وەڵامدەر بین، چونکە ئەوە هەقی ئەو هێزو لایەنانەیە کە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕن یان دەرنەبڕن، بەڵام کە دێینە سەر ئەو بەشە لە وتوویژەکەی ناوبراو کە پێوەندیی بە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانو یەك لەوان حیزبی دیموکراتەوە هەیە، بە پێویست دەزانین دوو قسەی لەسەر بکەین.

ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژە بە ٣ هێز دەکا. یەکیان بە سیاسەتێکی دروستو هەڵویستی مەعقوولو بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی کاک سەلاح پەسندەوە، یەکیان بە پێچەوانە بە بۆچوونی نادروستو لێکدانەوەی ناشیانەو دوور لە واقعییەتو سیهەمیشیان کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێ لە حاڵەتێکی نێوان ئەو دووانەدا.

لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا، کاک سەلاح بە پلار تێگرتنو پەلاماربردن ئیدیعا دەکا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی عێراقدا درەنگ هەڵویستی گرت، بە جۆرێك کە لایەنگرانیشی نارازی بوونو پاشانیش نەفسی بەیاننامەکەی حیزب لەو پێوەندییەدا دەداتە بەر ڕەخنە کە دەبوایە ئاماژەی بە فلانو فیسار ڕەفتاری بەعس کردبایەو بە کورتی دەیەوێ وا لە بینەرانی سایتی "دیمانە" بگەیەنێ کە حیزبی دیموکرات پارسەنگی بۆ حیزبی بەعسی عێراقو حکوومەتی ڕووخاوی ئەو وڵاتە ڕاگرتوە!!!.

لەوبارەوە پێمان خۆشە بڵێین بە پێچەوانەی ئیدیعای کاک سەلاح کە گۆیا حیزبی دیموکرات تا ڕووخانی دەوڵەتی عێراق بە هیچ جۆر باسی شەڕی نەکردوە، بڵاوکراوەی "کوردستان" شاهیدە کە پێش ڕووخان پوختەی ڕووداوەکانی شەڕی هاوپەیمانان بە دژی عێراق بڵاوکراوەتەوەو لە ڕادیۆش زیاتر دەنگوباسی شەڕ باس کراوە. پاشان نازانین بۆچی بەیاننامەی حیزبی دیموکرات دەبێ بە درەنگ دانرابێ، لە حاڵێکدا دە ڕۆژ پێش ئەوەی ئەمریکا کۆتایی شەڕ دژی عێراق ڕابگەیەنێ، بڵاوکراوەتەوە؟

بێینە سەر ئەو بەشە کە بۆچی قسەیان بە حکوومەتی لەسەرکار لاچووی عێراق نەگوتوە. هەرچەند کاک سەلاح دەزانێ، بەڵام بەهەرحاڵ بۆ ئاگاداریی ئەویشو هەرکەسێکیش وەك کاک سەلاح بیردەکاتەوە دەڵێین: لە کاتی دەسەڵاتی حکوومەتی سەددام حوسێندا حیزبی دیموکرات بە بەژنو باڵای هەڵنەگوتوە، تا دوای ڕووخانی بۆ کەفارەتی گوناهەکانی جنێو بەو حکوومەتە بدا. لەوەش گرینگتر ئازایەتیی تێدا نیە قسە بە ڕژیمێك بگوترێ کە ئیدی ڕووخاوەو ئاسۆیەکیش بۆ هاتنەوە سەرکاری بەدی ناکرێ. ئازایەتیی ئەوەیە کە کاتێك دەوڵەتی سەددام حوسێن لە هەرەتی دەسەڵات دابوو، بە بۆنەی بۆمبارانی شارەکانی سنە، مەهاباد، بانەو سەردەشتو هەروەها بۆمبارانی زیندانی حیزبی دیموکراتەوە، ئەم حیزبە بەیاننامەی توندی لەدژی ئەو حکوومەتە دەرکرد. جا ئەگەر کاک سەلاح هەڵویستی لەوە ئازایانەتری لە خەڵکی دیکە دیوە با بۆمان باس بکا.

لە بارەی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاوە کاک سەلاح دەڵێ: "نازانم ئەو شەرمیونیو مینگە مینگەی بۆچییە؟و بۆ بەراشکاویو ئاشکرا داوای دۆستایەتیو هاوکاری لە ئەمریکا ناکا؟"

لەوبارەوە لەپێشدا حەزدەکەین ئەوە بڵێین کە بەراستی نامانەوێ بەم زمانە لەگەڵ کاک سەلاح بدوێین کە ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا پێی دەدوێ. چونکە ئەودەم ناچار بە بەکارهێنانی هێندێ وشەو ڕستە دەبین کە لەگەڵ ئەدەبیاتو شێوەی بەیانی حیزبی دیموکراتدا لە ناتەباییدا دەبن، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێین کە بە شاهیدیی دۆستو دوژمن حیزبی دیموکرات هەرگیز هەڵەیەکی سیاسی یان هەڵویستێکی نادروستی وا گەورەی نەکردوەو نەگرتوە کە بە باسکردنی شەرمەزار بێو بە مینگە مینگەوە باسی بکا. بە پێچەوانە لە گۆڕەپانی خەباتی بەکردەوەدا ئەوەندەی نەخشی کاریگەرو بەرچاو هەبووە کە بە سەربڵیندیو بە ڕاشکاوی باسی لێ بکاو ئەوەندەی پرستیژو ئیعتیبار لە نێو خەڵکی ئێران، کوردستانو دنیای دەرەوەدا هەیە کە شانازییان پێوە بکا. حیزبی دیموکرات قەتیش نەی شاردۆتەوە کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دنیای دەرەوەو لەو چوارچێوەیەشدا لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. هەواڵی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی نوێنەری حیزب لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئەمریکاش هەمیشەو یەك لەوان لەم دوایانەدا لە ڕاگەیەنەگشتییەکانی دەرەوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب دا ڕاگەیاندراون. پێوەندیی لەوە ڕوونترو ئاشکراتر لە ڕوانگەی کاک سەلاحەوە چۆن دەبێو چییە نازانین؟!

کاک سەلاح لە وتوویژەکەیو لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە سێ مەسەلە دەکا. یەکەم دەڵێ: "من لەگەڵ ئەو لە ژێر لێو قسەکردنە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەیکەن موافیق نیم. ئەمە ڕێگایەکی هەڵەیە، ڕاستە هەموو حیزبێك، سیاسەتوانو تەنانەت دەوڵەتەکانیش گفتگۆو دانیشتنی نهێنییان هەیە، بەڵام دانیشتنە نهێنییەکە دەبێ ڕێگەخۆشکەر بێ بۆ دانیشتنێکی بەئاشکرا، دووهەم لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە گفتگۆو دانیشتنی بە نهێنی لە ئارادایە، دەڵێ "من نازانم گفتگۆی بەنهێنی لەئارادایە یان نا؟"و سێهەم دەفەرموێ "هیوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران زۆرە".

لە پێوەندی لەگەڵ بەشی یەکەمی ئەم باسەیدا ئێمەش لەگەڵ کاک سەلاح موافقینو پێمان وایە وتوویژ دەبێ بە ئاشکرا بێ، بەڵام ئەوە کە لە ڕوانگەی بەرێزیانەوە وتوویژی نهێنی دەتوانێ ڕێخۆشکەری وتوویژی ئاشکرا بێ دەبێ بڵێین کە حیزبی دیموکرات تاقیکارییەکی تاڵی لەو جۆرە وتوویژە هەیەو ڕێبەرێکی وەك دوکتور قاسملووی لەو پێوەندییەدا لەدەست داوە، بۆیە حیزبی دیموکرات لەبەر بێباوەری بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هێندێ پرەنسیپی بۆ وتوویژ لەبەرچاو گرتوون کە یەك لەوان ئاشکرا بوونی وتوویژەکەیەو ئەوانەشمان بە ڕاشکاوی ڕاگەیاندون. جا ئەگەر کاک سەلاح حەز لە وتوویژێکی نهێنی باسەرەتاییش بێ دەکاو ئاکامێکی دیکەی وەك ئەوەی ڕووی دا بۆ حیزبی دیموکرات دەخوازێ ئەوە شتێکی دیکەیە.

لەبارەی خاڵی دووهەمەوە کە کاک سەلاح دەڵێ "نازانم وتوویژی نهێنی لە ئارادایە یان نا" دەبێ بڵێین کە بەداخەوە کەم لوتفی دەکا، چونکە ساڵی ڕابردوو هەر بۆخۆی ڕاسپاردەی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژی نهێنیدا بۆ حیزبی دیمۆکرات هێناو وەڵامی ڕەدی حیزب بەم جۆرە وتوویژەشی وەرگرتەوە.

کاک سەلاح لە بەشێکی دیکەی ئەم قسانەیدا ئیدیعا دەکا کە "هیوا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران زۆرە" پێمان خۆش دەبوو کە کاک سەلاح لەو بارەیەوە وردترو ڕوونتر دوابا و مەسەلەکەی زیاتر شی کردبایەوە تا بمانزانیبا جەنابی چ ئاڵوگۆڕێکی موسبەتی لە کۆماری ئیسلامیدا ئەویش لە حاڵێکدا کە ئێستا زیاترو توندتر سەرکوتی ئازادیو ئازادیخوازان دەکا، بەدی کردوە کە خەڵکی ئێرانو کوردستانو هێزە سیاسییەکانیان نایبیننو هەستی پێناکەن، بەڵام کاک سەلاح هەم دەیبینێو هەم تا ئەو ڕادەیەش پێی هیوادارە!.

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریی نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێراندا، کاک سەلاح لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە تا ئێستا لە لایەن ئەم حیزبانەوە هیچ حەوڵێك یا پێشنیارێك دراوە؟ دەڵێ: "زۆر ئاگادار نیم، زۆریش نامەوێ قسەکانم وابێ، لایەنێك برەنجێنم یا بریندار بکەم، ئەوەندەی ئاگاشم لێیە ڕەنگە هەمووشی نەڵێم" لە درێژەی ئەو باسەدا کاک سەلاح حیزبی دیموکرات دەداتە بەر ڕەخنە کە "خۆی بە نوێنەری تێکرای گەلی کورد دەزانێو خۆی بێنیاز دەزانێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەر حیزبێکی دیکە؟!" ئەوە کە حیزبی دیموکرات خۆی بە نوێنەری زۆربە (نەك تێکرا)ی گەلی کورد لە ئێران دەزانێ نە تاوانەو نە ئیدیعایەکی نادروستو بێبناغەیە. بەڵام حیزبی دیموکرات هەموو کاتێ ئامادەی هاوکاری نەك لەگەڵ یەك هێز، بەڵکوو لەگەڵ هەموو هێزەکانی کوردستانی ئێرانو زیاتر لەوەش لەگەڵ زۆربەی هێزە ئێرانییەکانیش بووەو بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ساڵە هەوڵ دەدا. کاک سەلاح ئاگادارە کە چەند ساڵە حیزبی دیموکرات گەڵاڵەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی ئێرانی ئامادە کردوەو خستوویەتیە بەرچاوی هەموولایەكو لەوبارەیەوە پێشی لە سەر ئەوە داگرتوە کە هیچ لایەنێك وەلانەنرێ. ڕەنگە ئەو بەشە لە قسەکانی کاک سەلاحیش کە دەفەرموێ "ئاگاشم لیی بێ باسی ناکەم" ڕاست ئاماژە بەو ڕاستییە بێ. بەهەرحاڵ ئەو هەوڵە ئێستاش لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە هەر لەگۆڕێ دایەو زۆریش هیوادارە کە بە ئاکام بگا. ئەوەش تەنیا بۆ ئامانجی کوردو سەرکەوتنی خەباتەکەیەتی نەك بەو جۆرە کە کاک سەلاح دەڵێ لە ترسی شەقی زەمانە یا بۆ

**حیزبی دیموکرات قەتیش نەی شاردۆتەوە کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دنیای دەرەوەو لەو چوارچێوەیەشدا لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. هەواڵی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی نوێنەری حیزب لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئەمریکاش هەمیشەو یەك لەوان لەم دوایانەدا لە ڕاگەیەنەگشتییەکانی دەرەوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب دا ڕاگەیاندراون. پێوەندیی لەوە ڕوونترو ئاشکراتر لە ڕوانگەی کاک سەلاحەوە چۆن دەبێو چییە نازانین؟!**

پروپاگەندە پێوەکردن!.

جیا لەوە کاک سەلاح دەڵێ: "پێویستیمان بە ڕێککەوتنێك بە مەبەستی پێکهاتنی بەرەیەك هەیە، ئەم بەرەیە ڕاستە دوو قۆڵە سەرەکییەکەی لە دیموکراتو کۆمەڵە پێك دێت، بەڵام خەڵکێکی زۆریان تێکەڵ دەبێ، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتی، نووسەر، ڕووناکبیرو کەسایەتیی سەربەخۆ لە نێوو دەرەوەی کوردستان تێکەڵ بەم بەرەیە دەبن" لەپێشدا با ئەو پرسیارە لە کاک سەلاح بکەین کە چۆن بە نووکە قەڵەمێك ناوی هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان ڕەش دەکاتەوەو تەنیا حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە وەك هێزی سیاسی بە حیساب دێنێ. ئەو کە بە ناحەق حیزبی دیموکرات بە پاوانخواز ناودەبا، بۆچی بۆخۆی بە ڕاشکاوی حاشا لە بوونی ڕێکخراوەکانی دیکە دەکا؟!.

لە کۆتاییدا وەك کاک سەلاح دەڵێ نامهەوێ هەمووشتێك بڵێم، با لایەنێکم لێ نەڕەنجێ یا بریندار نەکەم، کە خۆی دەزانێ هەم بە زیادەووو هەم بە نارەواشی گوتوە. ئێمە بەراستی نەمانەویستو نامانەوێ هەموو شتێك بڵێین، چونکە پێمان وایە لە هەلومەرجی ئێستادا کە کورد لە ئێران پێویستیی بە هاوکاریو تەباییو یەکدەنگی هەیە، باس لە ڕابردووو ئەو شتانە کە دەبنە هۆی لێك دابڕانو دوورکەوتنەوە، لە خزمەت ئەو ڕێککەوتنو هاوکاری کردنەدا نیە.

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی، زیاتر لە زەلکاوی نەماندا ڕۆدەچێ

عیرفان ڕەهنموون

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە دیاردەیەکی ناتەبا بووە لەنێو جوغرافیای سیاسیی جیهاندا، بەڵام بوونی سیستمی دوو جەمسەریو پێوەندییە سیاسییە نێونەتەوەییەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی سارد، بەستێنێکیان ڕەخساند کە ئەم پەڵە ڕەشە داوێنی مرۆڤایەتی لەکەدار بکا. بەڵام ئێستا کە سیستمی دوو جەمسەری کە سەردەمێك وەك مۆتەکە سێبەری ڕەشی خۆی خستبوە سەر جیهان، ـ گۆڕەپانی سیاسەتو ئابووریی جیهانی چۆڵ کردوەو سیاسەتی نێونەتەوەیی بەهۆی بەجیهانیبوونی سەرمایەو پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دیاردەی جیهانگیری بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانی بەسەرداهاتوەو ئەم دیاردەیە زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە ڕژێمە سەرەڕۆکانو لە سەرووی هەموانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە گەڵ قەیرانێکی هەمەلایەنەدا ڕووبەڕوو کردۆتەوە.

ئەو قەیرانانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەست دەخەنە بینی ئەم ڕژێمەوە، دەکرێ لە سێ بەشی نێوخۆیی، ناوچەییو نێونەتەوەییدا ڕاڤە بکرێن.

**قەیرانە نێوخۆییەکان:**

شۆڕشی گەلانی ئێران کە لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا بە دروشمەکانی ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە لایەن ئاخوندە دەسەڵاتپەرستەکانەوە لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دوورخرایەوەو یەکەم دەستەیەك کە کەوتنە بەر ڕقوتووڕەیی ئیدئۆلۆژیی ئاخوندیسم هەمان ئەو خەباتکارانە بوون کە ڕژێمی پێشوویان بە ئامانجی وەدیهاتنی ئارمانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك سەرەوبن کرد. لەبەر ئەوە ئەم ڕژێمە هیچ کات لە ئاستی نێوخۆییدا خاوەنی ڕەوایی نەبووەو تەنیا بە پشت بەستن بە توندوتیژی توانیویەتی پایەکانی دەسەڵاتە ناڕەواکەی بپارێزێ. فەلسەفەی وجوودیی ئەم ڕژێمەکە لە کۆنەپەرستانەترین چەمکەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی خەڵکی وڵاتەکەمانی لەگەڵ قەیرانێکی قووڵو هەمەلایەنەدا ڕووبەڕوو کردۆتەوە. ئەو قەیرانانەی کە لە ئاستی نێوخۆییدا یەخەی ڕژێمیان گرتوە بە ئەندازەیەکن کە ناچارین تەنیا ئاماژە بە سەردێرەکانیان بکەین:

بوونی ستەمی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی بەربڵاوو بەکارهێنانی زەبروزەنگو بەڕێوەبردنی سیاسەتی شۆڤینیستانە دەرهەق بە گەلانی بندەستی ئێران، ئاپارتایدی مەزهەبیو جینسی، پەرەئەستاندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بزووتنەوەی پێکهاتە شکێنی خوێندکاری ، پەرەئەستاندنی ناڕەزایەتییە سەندیکاییەکانی توێژە جیاجیاکانی خەڵك بە تایبەت توێژی مامۆستایان، پێشگرتن بە چالاکیی یاسایی و ئازادانەی حیزبە سیاسییە ناحوکمییەکانو فشاری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بۆ یاسایی بوونی چالاکیی حیزبە سیاسییەکان، نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕینو پێکهێنانی کۆبوونەوە ئێعترازییەکان ـ (خۆپیشاندانو مانگرتن)، سەرکوتی توندوتیژی ڕۆژنامەڤانانو داخستنی بە گوترەی چاپەمەنیی سەربەخۆ، بوونی هەزاران زیندانیی سیاسی لە زیندانە ڕەشەکانو کاردانەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لەو پێوەندییەدا، چەقینی ئابووریو نەبوونی ئاسایشو هێمنایەتیی بۆ سەرمایەگوزاریی دەرەکی، قەیرانی قووڵی بێکاری، ئێعتیاد، فەحشا، بوونی باندە مافیاییەکان لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدا، فرەیی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانو دەیان ئورگانی موازیو . . .

**قەیرانە ناوچەییەکان:**

ئێران وڵاتێکە کە لەگەڵ زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێوەندییەکی نادۆستانەو گرژی خوڵقێنی هەیەو ئەو ڕژێمە هیچ هاوپەیمانێکی ئیستراتیژیکی نیە. یەکێك لە زەقترین گیروگرفتەکانی کۆماری ئیسلامی، نەبوونی هاوڕێکی لە نێوان جوغرافیای سیاسیو فەرهەنگیی ئێران دایە، واتە پشتێنێك لە نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکو تورکمەن لە سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا جێگیرنو لە نێوان ئەو نەتەوانەو نەتەوەکانی ئەودیو سنووری جوغرافیایی ئێران، هاوپێوەندیی نەتەوەییو کلتووری بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر دەبینرێ. کۆماری ئیسلامی کە توانای پێکهێنانی یەکیەتی ئارەزوومەندانەی ئەو نەتەوانە لەخۆی ڕانابینێ، هەوڵ دەدا بە بەکارهێنانی توندوتیژیو سەرکوت بەیەکەوەیان بلکێنێ.

یەکێکیتر لەو کێشانە کە لە ئاستی ناوچەییدا تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە، قەیرانێکە کە دەرەنجامی تێزی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە. ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوە کە زۆربەی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران وەك مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشو سەرداریی نەتەوەیی خۆیان لەقەڵەم بدەن. لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکییەکانی نێوان ئێرانو وڵاتانی عەرەبی ناوچەی کەنداوی فارس بکەین کە ناکۆکیی نێوان ئێرانو ئیمارات لە سەر سێ دوورگەی تونبی گەورە، تونبی چووکەو ئەبوموسا بە شێوەیەکی بەرچاو پێوەندییەکانی دوو وڵاتی ئێرانو ئیماراتیان ئاڵۆزتر کردوە. هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین قامك بۆ ناکۆکییەکانی ئێرانو وڵاتانی کەناری دەریای خەزەر لە سەر دەستنیشانکردنی ڕژێمی حقووقیی دەریای خەزەر ڕاکێشین کە ئێستاشی لەگەڵدابێ چارەسەر نەکراونو بوونەتە فاکتێکی بەرچاو لە ناکارا بوونی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتیدا، هەروەها پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، تورکیەو میسر لەوپەڕی ئاڵۆزی دانو هۆکارە سەرەکییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی نامەسئوولانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا. گرنگترینو ئاڵۆزترین کێشەیەك کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەنگ بە ئێران هەڵدەچنێ، کارشکێنییە بێ ئەملاوئەولاکانی ئێرانە لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیی نێوان عەرەبو ئیسرائیل. ئەم کێشەیە لە کێشەیەکی ناوچەییەوە بۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی. هەر لەم پێوەندییەدا، قسەکانی ڕێبەری ڕژێم لە بارەی مووشەکی شەهابی ٣و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو مووشەکە بۆ یارمەتیدانی ئەوەی کە ڕێبەری ڕژێم بە ئارمانجی فەلەستینی ناو دێنێ، بە شێوەیەکی بەرچاو کێشەکانی ئاڵۆزتر کردوە.

**قەیرانە نێونەتەوەییەکان:**

کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی مل بۆ یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکان ڕاناکێشێو ئەم ڕژێمە بە هۆی ئەو سەرخانە کۆنەپەرستانەیەی کە پایەکانی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆی لەسەر داناوە، هیچ کاتێ ناتوانێ خۆی لەگەڵ یاساو ڕێسا جیهانییەکانی وەك مافی مرۆڤ هاوئاهەنگ بکاو بە هۆی لەرزۆك بوونی بناغە ناڕەواکانی دەسەڵاتەکەی، لەوە زەبوونترە کە دەروازەکانی ئێران لە سەر جیهانی فرەرەنگو فرەدەنگی ئەمڕۆ بخاتە سەر پشت. ئەم ڕژێمە لە لایەکەوە ناچارە ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیو لە لایەکی دیکەوە سەرخانە فیکرییەکەی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا لە ناتەباییەکی قووڵ دایەو دەبێ لە نێوان ئەندامبوون لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیو پاراستنی بنەما کۆنو سواوەکانی ڕژێمەکەیدا یەکێکیان هەڵ بژێرێ.

هێندێك لەو قەیرانانەی کە بەربینگی ڕژێمیان گرتوەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبنەوەو لە ئاستی نێونەتەوەییدا پتر تەریکی دەخاتەوە، پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ، ناردنە دەرەوەی تیرۆریزمو بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکانن. لەڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا بەدانی ئیمتیازگەلێکی سەرسووڕهێنەرو نائاسایی بە وڵاتانی ئورووپایی لە بوارەکانی ئابووریو سیاسیدا دەلاقەیەك بۆ هەناسەدان بهێڵێتەوە. بەڵام لەم دوایانەدا گۆڕانکارییەکی بێوێنە لە سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەرکەوت کە وادیارە بڕیاری ناوبراو لە داهاتوودا دەبێتە هۆی تەریك کەوتنەوەی بێوێنەی ئەم ڕژێمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

بەسەر یەکەوە ئیستراتیژی وڵاتە ئورووپاییەکان لەمساڵانەی دواییدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا لە سەر ئەو بناغەیە بوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا قۆڵێکی ڕیفۆرمخواز هەیە کە خاتەمی ڕێبەرایەتیی دەکاو گوایە تێدەکۆشێ دیموکراسی بەهێز بکاو مافی مرۆڤ بپارێزێو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا هەوڵی کەمکردنەوەی کێشەو تەنگەژەکان بدا. سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا ئەوە بوو کە لە بەرامبەر قۆڵی کۆنەپارێزدا، پشتیوانی لەم قۆڵە بکا.

وێدەچێ کە یەکیەتیی ئورووپاش وەك ئەمریکا، بەم دەرەنجامە گەیشتبێ کە ریفورمخوازان نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ لە ئێراندا پێك بێننو ئیتر ئەوان بە هێزێکی کاریگەرو گۆڕانخواز، لە قەڵەم نادرێن. کەواتە ئورووپا بە شێنەیی خەریکە سیاسەتەکانی خۆی دەگۆڕێ. ڕاست لەم پێوەندییەدا بوو کە وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایانە لە کۆبوونەوەی "برۆکسێل"دا داوایان لە ئێران کرد کە لە چوار بواری سەرەکیی وەك: بەرنامە ناوکییەکان، تیرۆریزم، مافی مرۆڤو مەسەلەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە خۆیدا پێك بێنێ. ئەم یەکیەتییە هەڕەشەی لە ئێران کردوە کە ئەگەر ئێران تا مانگی سێپتامبر سیاسەتەکانی خۆی نەگۆڕێ، یەکیەتی ئورووپا سیاسەتگەلێکی دیکە سەبارەت بە ئێران هەڵ دەبژێرێ. وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا شێلگیرانە داوایان لە ئێران کردوە کە پرۆتوکۆلی هاوپێچی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئیمزا بکاو دەست لەسەرکوتی ڕۆژنامەوانانو خوێندکاران هەڵگرێو بکوژانی "زەهرا کازمی" سزا بدا. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاتاجی یارمەتییە ئابووری ـ سیاسییەکانی یەکیەتیی ئورووپایە، ساردبوونەوەو پچڕانی ئەو پێوەندییانە لە هەموو بوارەکاندا کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران دەکەنو ئابووریی لەرزۆکی ئێران لەگەڵ قەیرانێکی کەم وێنەدا ڕووبەڕوو دەکەنەوە.

بەسەرنجدان بە کۆی ئەم گیروگرفتو قەیرانو فشارانە، دەتوانین بێژین کە ئەستێرەی بەختی ئەم ڕژێمە پەرتوکاوە، ڕوو لە ئاوابوونەو لە داهاتوودا بە چاوی خۆمان وردوخاشبوونی کۆڵەکەکانی ئەم ڕژێمە سەرەڕۆیەو پاك بوونەوەی داوێنی مرۆڤایەتی لەم پەڵە ڕەشو نەگریسە دەبینین.

❊❊❊

# ڕووناکبیر، عەقڵی سوننەتیو عەقڵی مودێڕن

مەحموود شێرزاد

**(١) عەقڵی کۆن؛** ئەقڵێکی ڕاڤەیییەو هەر بەو شێوەیەش ڕەخنە بە مانا کۆنەکەی دەبێتە ڕەخنەی ڕاڤەیی، ئەو عەقڵە هەمیشە خۆی لە بەرامبەر دیاردە گەلێکی نەگۆڕدا دەبینێتەوە بە جۆرێك کە هەرگیز وێنای ئەوە ناکا، ئەو دیاردەگەلە لە لایەن مرۆڤەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەماییان تێدا پێك بێ، بە واتایەکی دیکە ئەگەر کەسێك بە مەبەستی گۆڕانکاری پەنجە بۆ خەسڵەتی نەگۆڕو پیرۆزیان درێژ بکا، لە بنەڕەتدا بە پێچەوانەی سوننەتە پیرۆزو باوەکان بزووتنەوەیەکی کەمخایەنو حەرامی وەڕێ خستوە، کەوابوو لەو ڕوانینەوە عەقڵ، سروشتو کۆمەڵگا وەك نووسراوەیەك سەیر دەکا کە بە دەستی نووسەرێکی پسپۆڕو کارامە نووسراونو عەقڵی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو داهێنانە پیرۆزو نەگۆڕەدا کارێکی لەدەست نایە، جگە لەوەی بیخوێنێتەوەو لێی تێبگاو بە حورمەتو ڕێزەوە پەیرەوی لێ بکا. لێرەدا گرنگترین ڕۆڵی عەقڵ بریتییە لە تێگەیشتنو ڕاڤە کردنو ملکەچ بوون لە بەرامبەر ئەو بابەتەی کە لەبەردەمیدا دادەنرێنو ڕەخنەو پرسیاریش تەنیا بۆ ڕاڤەکردنو تێگەیشتن کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

عەقڵی ڕاڤەیی هەروەك ڕەخنەی ڕاڤەیی بە شێوەیەکی زاتی سنوورداره، بەو مانایە کاتێك ئەو عەقڵە لە بابەتە دیاریکراوەکە تێگەیشت، بە تەواوی ئەرکی خۆی بەڕێوە بردوەو لێرەدا نەبۆی هەیەو نە ئەرکی سەرشانی ئەوە لە بابەتەکە ورد بێتەوەو بەگومانو پرسیارەوە بڕوانێتە دانەرو نێوەڕۆكو تەنانەت بنەماکانی، بۆ وێنەلە بواری "دین"دا، غایەتی عەقڵ، تێگەیشتنو دۆزینەوەی مانای دەقی پیرۆزو دۆزینەوەی مەبەستی داهێنەرەکەیەتی، کاتێ بەو ئامانجە گەیشت، لێرە بەولاوە هیچ عەقڵێك مافی ئەوەی نیە کۆمەڵێك گومانو پرسیار لەبەردەم دەقو بەرهەمهێنەکەیدا ڕیز بکا. کەوابوو عەقڵو ڕەخنەی ڕاڤەیی بە شێوەیەکی زاتی هێڵی سووریان بۆ دانراوەو سنوردارنو لە چوارچێوەی دەقو داهێنەرە پیرۆزەکاندا دەمێنێتەوە، ئەوەش بەو مانایە کە ئەو دەقو داهێنەرانە لە سەرووی "گومان"و "پرسیار"ەوە چاویان لێدەکرێو بە واتایەکی دیکە دەبنە زیندانێك بۆ عەقڵی مرۆڤ؛

**(٢) عەقڵی نوێ:** عەقڵێکی چالاكو دۆزێنەرو سنووربەزێنە، کەوابوو لێرەدا ڕەخنەش بە مانا نوێیەکەی وەك ڕەخنەی چالاكو دۆزێنەرو سنووربەزێن پێناسە دەکرێ. لە ڕێگەی ئەو عەقڵەوەو لە تێگەیشتنی نوێدا، بێ کەموکووڕیو بێ ئیراد بوونی نیزامی عالەم چ لە پانتایی سروشتداو چ لە پانتایی کۆمەڵگادا گریمانەیەکی هەڵەیەو لانیکەمەکەی بەبێ هۆ چاو لێدەکرێ. کەوابوو مرۆڤ ئەو مافە بە خۆی دەدا، تا ئەو جێگایەی بە ئامانجەکانی جێگەی پەسندی خۆی دەگا، ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری لە پاژەکانی جیهاندا پێك بێنێ. لێرەدا دەردەکەوێ لە چوارچێوەی ئەو تێگەیشتنەدا، نووسراوەی عالەم نە تەنیا نەگۆڕترینو باشترین

ڕووبەڕوو بوونەوەی گشت لایەنەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆمەڵگاو شارستانیی مۆدێرنی ڕۆژئاواییو ڕەوتی بە جیهانیبوونی ئەو شارستانییەتە، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ژیانی مرۆڤو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێ کەوتەوەو بوو بە هۆی پێکهاتنی گەلێك گۆڕانکاریی قووڵو بنەماییو ئاڵوێری کاریگەر لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵگایەدا. لە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات چاوی بە مرۆڤایەتییەكو شارستانییەك کەوت کە لەگەڵ کۆمەڵگاو شارستانیو جۆری ژیانو مێژووی خۆی، جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو، بە جۆرێك کە لە هەموو بوارەکاندا خۆی لە ئاستێکی نزمدا دیتەوەو لە بەرامبەریشدا ڕۆژئاوا چەندین قۆناغی پڕ لە گۆڕانکاریی قووڵو بنچینەیی بڕیوەو کۆمەڵێك دەسکەوتی بەهێزو بێوێنەی بەدەست هێناوە، کە بە ئاسانی دەتوانێ ئاڵوگۆڕ بەسەر شارستانیی پیرو سوننەتی "زەینی"و "ماددی"ی ڕۆژهەڵات دا بێنێ.

ئاکامی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە بۆتە حەرەکەتێکی ڕووناکبیری لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا، بە جۆرێك کە ڕووناکبیران ناتوانن بیر لە دواکەوتوویيو هۆیەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەیان نەکەنەوە.

بەلای ڕووناکبیرانەوە بیرکردنەوە لە دواکەوتوویی، یانی خوێندنەوە، ڕاڤە، گومانو پرسیار کردن لە ستراکتۆری فیکریی خۆتو لە هەمان کاتیشدا یانی هەڵێنانەوەی هەنگاو بەرەو نوێ بوونەوەو بە مودێرن کردنی خۆت بە مانای ئەمڕۆیی. بۆ پراکتیزە کردنی هەرچەشنە هێزێکی نوێو تێکشکاندنی هەر ستراکتۆرێکی داخراوو دواکەوتووانە، بە مەبەستی گەشەپێدانو ئازاد کردنی فیکری کۆمەڵگا، لە پەنا هەموو خاڵە بنەماییو گرینگەکانی وەك مەدەنییەتو دیموکراسی، ئۆمانیسم (مرۆڤخوازی)و گەشەپێدانو پێشخستنی هێزە بەرهەمهێنەکان، زیاتر پێویستیان بە داڕشتنی فیکرێك لە سەر بناغەی عەقڵگەراییو عەقڵێکی ڕەخنەگرانە هەیە، یانی حەرەکەت کردن بە پێی عەقڵێکی نوێو ئازاد بە مەبەستی دەربازبوون لە دواکەوتوویيو پێکهێنانی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فیکریی کۆمەڵگادا.

کاتێك باسی عەقڵێکی ڕەخنەگرانەو نوێ دەکەین بێشك لەبەرامبەر ئەو عەقڵەدا، عەقڵو ڕەخنەیەکی کۆنو داخراویش هەیە. لێرەدا پێویستە لە ڕێگەی پێناسەیەکی کورتی "ڕووناکبیری"یەوە ئاماژەیەکی کورتیش بە عەقڵو ڕەخنەی کۆنو نوێ بکەین، کە دەبنە هۆی دواکەوتوویيو پێشکەوتوویی کۆمەڵگاکان لە ئاستی جیهانیدا.

ڕووناکبیری بە مانا تایبەتییەکەی دیاردەیەکی مودێرنەو لەگەڵ جەوهەری مودێرنیتە پێوەندییەکی بنەڕەتی هەیە، زۆربەی بیرمەندانی جیهانی عەقڵی خۆداڕێژی ڕووناکبیریان وەك جەوهەری مودێرنیتە پێناسە کردوە، یانی عەقڵێك کە، یەکەم: بانگەشەو ئیدیعاکانی ڕووناکبیران بە پێی عەقڵە نە بە شتێك لە دەرەوەی عەقڵدا؛ دووهەم: عەقڵێکی ڕەخنەگرەو بوێری گومانو پرسیاری هەیە.

بۆ لاپەڕی١١

# یەکیەتیی ئورووپا پتر تەنگ بە ئێران هەڵدەچنێ

ورلد نیوز World News 22/7/2003

بابەتی ستیڤێن کستێل لە برۆکسێل

یەکیەتیی ئورووپا بە شێوەیەکی بێوێنە سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ئەم وڵاتەی ئاگادار کردۆتەوەو مانگی سێپتامبری وەك دوایین دەرفەت بۆ نیشاندانی رەزامەندی لە لایەن تارانەوە دیاری کردوە.

سەروەزیرانی یەکیەتیی ئورووپا لە بەیاننامەیەکی توندا لە زێدەبوونی نیگەرانی خۆیان لە مەڕ بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران راگەیاندو داوای ئیمزای بەپەلەو بێمەرجی "رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی لە بارەی پێکهێنانی دەرفەتی پتر بۆ پشکێنەرانی ئەتۆمییان کرد".

بڕیارەکەی دوێنێ،نیشانەی توندتربوونی بەرچاوی قسەی کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپایە کە لە سەر گۆڕینی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاراندا سوورە، چونکە واشینگتۆن فشارە سیاسییەکانی خۆی بۆ سەر ئێران زیادتر دەکا.

مانگی رابردوو وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ریزەکانی خۆیان پتەوتر کردو خۆیان لە هەڵوێستی ئەمریکا نزیکتر کردەوە، بەڵام هیچ رێککەوتنێکیان دیاری نەکرد.

بەڵام وەزیرەکان دوێنێ گوتیان کە بە شێوەی هاوکارییەکانی داهاتووی خۆیان لە وتووێژەکانیان لەمەڕ بازرگانیو رێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ تاران لە مانگی سێپتامبردا دەچنەوە، بەم شێوەیەش هەڵوێستەکانی خۆیان توندتر کرد. هەنگاوێك کە یەکێك لە دیپلۆماتەکانی یەکیەتیی ئورووپا وەك "سێرە گرتنێکی وریاکەرەوە"ی ناو هێنا.

سەرەڕای ئەمە فرانکۆ فراتینی Franco Frattini وەزیری دەرەوەی ئیتالیا کە سەرۆکی یەکیەتیی ئورووپایە گوتی: "ئەگەرچی نیگەرانیی خۆمان دەربڕیوە، بەڵام بەوحاڵەش ئێمە پێمان خۆشە کە دەرگای وتووێژ هەروا کراوە بێ، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئێران بۆ پێشقەچوون هان بدەین".

کاربەدەستێکی رەسمیی دیکە گوتی کە "ئێمە خەریکی داخستنی هیچ دەرگایەك نین". بابەتی سەرەکی بریتییە لە ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچ لە بارەی پەرەپێنەدانی هێزی ناوکیو ئاوەڵاترکردنی دەستی پشکێنەرانی سەر بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی. تاران بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ئینکار دەکاو دەڵێ دەیەوێ لەو وزەیە بۆ بەرهەمهێنانی بەرق کەڵك وەرگرێ، تا ئێستا ئامادە نەبووە ئەم کارە (رێککەوتننامەکە) ئیمزا بکا.

هەروەها دوێنێ وەزیرانی یەکیەتیی ئورووپا نیگەرانیی قووڵی خۆیان لە بارەی مەسەلەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو نارەزایەتیی خۆیان لەو توندو تیژییە دەربڕی کە بووە هۆی مردنی زارا کازمیی، هەواڵنێرو وێنەگری کانادایی، لەو بەیاننایەی کە لەم پێوەندییەدا بڵاو کراوەتەوە هاتوە کە بە گوێرەی یاسا نێونەتەوەییەکان، ئێران دەبێ ئەوانەی دەستیان لەم کردەوەیەدا هەبووە بگرێ. وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە، "دومێنیك دۆویلپەن" گوتی ئێران دەبێ رێگایەکی درێژخایەن هەڵبژێرێو پتر مل بۆ پشکنینە دەستێوەردانەکان بەبێ دیاریکردنی کات، راکێشێو لە بەشداری بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزمدا واز لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێنێ.

هەروەها ناوبراو لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا گوتی: ئێران دەبێ باش لەوە تێبگا کە ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لێی هەیەو ئەگەر ویستەکانی ئێمە جێبەجێ بکا، دەتوانێ چ چاوەڕوانییەکی لە ئێمە بێ". وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل، شیلوان شالۆم Silwan Shalom ئەم ئیددیعایەی دووپات کردەوە کە ئێران بە نهێنی خەریکی دروستکردنی چەکی قەدەغەکراوی ناوکییە. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بەڵگەی هێنایەوەو گوتی کە " ئێستا ئێران ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ تا ببێتە خاوەنی چەکی ناوکیو ئەم کارەش نەك هەر هەڕەشەیە بۆ سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو هەڕەشەیە بۆ ئورووپاو بەشی باشووری رووسیە. پێم وایە کە یەکیەتیی ئورووپا دەبوا لە دوایین هەوڵەکانی خۆیدا نەخشێکی سەرەکی هەبایە تا نەیهێشتبایە ئێران ببێتە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆ".

**وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە**

**م. ئەمین**

# تەختی سلێمان چووە ریزی میراتی جیهانیی یونسکۆ

**وەرگیراو لە سایتی: "کوردستان میدیا"**

**ئامادە کردنی:ب. هیوا**



لە سەرەتای مانگی جولای ئەمساڵدا هەواڵدەریی "میراتی فەرهەنگیی ئێران" رایگەیاند کە شوێنەواری مێژووییو لەمێژینەی "تەختی سلێمان" لەگەڵ ٢٣ شوێنەواری دیکە، لەم دواییانەدا چووە ریزی "پێرستی میراتی جیهانیی یونسکۆ" (١)

"تەختی سلێمان پاشماوەو ئاسەواری قەڵایەکی کۆنە کە لە نزیك گوندی ئەحمەدئاوا لە سەر رێگای شارەکانی ساین قەڵا تیکاب لە ٢٤ کیلومیتریی شاری تیکاب هەڵکەوتوە. ئەم شوێنەوارە مێژووییە لە لایەن دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر ئێراندا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە . . . تەختی سلێمان لە رابردوودا کەمتر لە شوێنەوارە لەمێژینەکانی دیکەی ئێران کەوتۆتە بەرسەرنجو توێژینەوەی لێکۆڵەرانو کۆنینە ناسان. رەنگە ئەم شتە لەبەر ئەوە بووبێ کە لە شوێنێکی دوورە دەست هەڵکەوتوەو گەڕیدەو توریستەکانی جیهان کەمتر رێیان تێکەوتوە". (٢)

بە گوێرەی راپۆرتی هەواڵدەریی میراتی فەرهەنگیی ئێران، لێکۆڵینەوە بە مەبەستی پەیوەست کرانی ئەو شوێنەوارە بە پێرستی میراتی جیهانیی یونسکۆ لە ساڵێك لەمەوبەرەوە دەستی پێکردبوو. لەو ماوەیەدا چەند نوێنەرێك لە لایەن "یونسکۆ" (رێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان)و "ئیکوموس" (ئەنجومەنی نێونەتەوەیی سایتەکانو بنیاتە مێژووییەکان)ەوە، سەردانی ئەم شوێنەوارەیان کردوە. بە پەیوەست بوونی "تەختی سلێمان" بە پێرستی میراتی جیهانی، یونسکۆ کۆمەڵێك هاوکاریی فەننیی دەخاتە ئیختیار وڵاتی ئێران. زۆربەی یارمەتییەکان بریتین لە دەورە فێرکاریو پسپۆرییەکانی تایبەت بە چۆنیەتی پارێزگاری لە شوێنەوارە مێژووییەکە. "عەبدولرەسوول وەتەندوست" بەڕێوەبەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی رێکخراوی میراتی فەرهەنگیی وڵات رایگەیاندوە کە داوای وەرگرتنی شوێنەواری مێژوویی "پاسارگاد"یش خراوەتە بەردەم یونسکۆ تا بیخاتە سەر پێرستی میراتی جیهانی. لە دوای "پاسارگاد"یش پێشنیاری شوێنەواری مێژوویی "سوڵتانیە" دەدرێ بە یونسکۆ تا بیخاتە سەر لیستی میراتی جیهانی. (٣)

### مێژووی تەختی سلێمان:

مێژووی تەختی سلێمان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەو شوێنەوارە مێژووییە پاشماوەی شوێنەوارێکی کۆنە بە ناوی "پراسپە" یا "فراسپە" کە کاتی خۆی لە رۆژهەڵاتی چیای بەلقیسدا هەڵکەوتوەو وردە وردە جگە لە چەند پاشماوە هیچی دیکەی لێ نەماوە. بەڵام تەختی سلێمان هێشتا نیشانەی گەورەیی رابردووی پێوە دیارە. تەختی سلێمان لەسەردەمی هەخامەنشییەکانو ئەشکانییەکانو ساسانییەکاندا، لەسەر رێگای هەمەدان بۆ ئەرمەنستانو ئاسیای بچووك هەڵ کەوتبوو. تەختی سلێمان شوێنی پێك گەیشتنی تایفە جۆراوجۆرەکان بووەو لە بواری نیزامییەوە گرینگیی تایبەتی هەبووە.

تەختی سلێمان، پاشماوەی قەڵاو باڵەخانەو ساختومانێکی تایبەت بە نیشتەجێ بوونی مووبەدان بووە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکانو ساسانییەکاندا زۆر گەورەو بەربڵاو بووەو لە ئاکامی هێرشی عەرەبەکانو مەغوولەکاندا وێران کراوە (٤)

چڵەپۆپەی شکۆو گەورەییو ئاوەدانیی تەختی سلێمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانی کە بینایەی ئاورگەی ئازەرگوشەسب لەوێ بنیات نراو ئاگرێکی هەمیشەیی بۆ ماوەی ٧ سەدە وەك نموونەی دەسەڵاتو باڵادەستیی ئایینی زەرتەشت بە گەشاوەیی لەو شوێنە، مایەوە.(٥)

### هەڵکەوتی تەختی سلێمان

قەڵای لەمێژینەی تەختی سلێمان لەسەر بەرزاییەك لە قەراخ گۆلێکدا هەڵکەوتوە کە قووڵایی ئەو گۆلە نزیکەی ٦٥ میتر دەبێ. لە مەودای ٣ کیلومیتریی تەختی سلێماندا کێوێکی نێو هلۆڵ هەیە کە بە کێوی زیندانی تەختی سلێمان بەناوبانگە. لە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی ئەو کێوەدا چیای "بلقیس" هەڵکەوتوە کە بەرزاییەکەی ٣٣٣٢ میترەو بەسەر گوندەکانی "باوەنەزەر"و تەختی سلێمان لە لایەكو "مانگ نیشان"یش لە لایەکی دیکەدا زاڵە. قەڵای "بلقیس"یش هەر لەسەر ئەم چیایە هەڵکەوتوە. ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) تیمێکی هاوبەشی کۆنینە ناسیی ئێرانیو ئەڵمانیو سوئێدی، لێکۆڵینەوەیان لەسەر تەختی سلێمان دەست پێکرد کە ٢٠ ساڵی تەواو درێژەی کێشا. لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا نەخشەی گشتیی کۆشكو ئاتەشگای ساسانییەکانو بینایەکانی ئەو شوێنە هاتە دەست.

پێویستە بگوترێ پاش ئەو هەموو تێکڕووخانو وێرانییە کە بەسەر تەختی سلێماندا هاتوە، هێشتا ئەو شوێنەوارە مێژووییە گرینگیی خۆی لەدەست نەداوەو وەکوو یەکێك لە شوێنە لەمێژینەکانی ئێرانو کوردستان حیسێب دەکرێو بۆتە سەیرانگایەکی گەورە لە ناوچەی هەوشاردا کە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی ئێرانەوە دێنە سەردانی.(٦)

سەرچاوەکان

(١)و (٣)و (٥) سایتی B.B.C persian

(٢)و (٤)و (٦) رۆژنامەی "کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٣١١، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٠

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئا: ئەشکان



## کرماشان قارەمانیی کەبێدی لاوانی ئێران

یاری‌یەکانی قارەمانیی کەبدی ئێران لە ئاستی لاواندا (ژێر بیست ساڵ) کە لە شاری ئیسفەهان دەستی پێ‌کردبوو، دوای دوو ڕۆژ کۆتایی پێ‌هات. لەو یارییانەدا ٢٥ تیم بەشدار بوون کە لە ئاکامدا، تیمی کرماشان پلەی یەکەمی وەدەست هێناو بە دوای کرماشان، خوزستان، سیستان‌و بەلووچستان پلەی دووهەم‌و سێهەمیان وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی ئوستانەکانی کرماشان‌و کوردستان بۆ قۆناغی سێهەم

یاری‌یەکانی جامی حەزفیی زۆرانی ئێران، یاریەکانی چوون (رفت)و گەڕانەوە (برگشت) لە ڕۆژەکانی ٨٢/٤/٢٤و ٨٢/٥/١٧ بەڕێوەچوون، کە لە ئاکامدا هەر دوو تیمی ئوستانەکانی کرماشان‌و کوردستان بۆ قۆناغی سێهەم سەرکەوتنیان وەدەست هێنا.

لە زۆرانی شان‌و ملدا، ئوستانی کوردستان لە یاریی "چوون"دا ١٨ـ ١٢ لە ئوستانی قۆمی بردەوەو لە یاریی "گەڕانەوە"شدا ١٧ـ ١٥ سەرکەوتنی وەدەست هێنا. هەروەها لە زۆرانی ئازاددا، ئوستانی کوردستان لە بەرامبەر جەهروم‌داو کرماشان لە بەرامبەر خوراساندا، لە دوو یاریی "چوون"و "گەڕانەوە"دا سەرکەوتنیان وەدەست هێناو گەیشتنە قۆناغی سێهەم.

## سەرکەوتنی ژنانی ئوستانی سنە بۆ قۆناغی دووهەم

یاری‌یەکانی دەستەی یەکەمی بەسکتباڵی ژنانی ئێران کە لە شاری هەمەدان دەستی پێ‌کردبوو ڕۆژی ٨٢/٤/٢٦ کۆتایی پێ‌هات‌و تیمی شارەداریی سنە بۆ قۆناغی دووهەم سەرکەوتنی وەدەست هێنا. لە ڕۆژی کۆتایی ئەم یارییانەدا، شارەداریی سنە ٤٥ـ ٤٣ لە هۆمای تارانی بردەوەو تەربییەتی کرماشانیش ٦٢ـ ٤٦ لە هەمەدانی بردەوە، بەڵام نەی‌توانی بۆ قۆناغی دووهەم سەربکەوێ.

## کرماشان لە سەرەوەی یانەکانی دەستە یەکی تێکواندۆی ئێران‌دا

یاری‌یەکانی دەستە یەکەمی تێکواندۆی یانەکانی ئێران کە لە مانگی پووشپەڕ دەستیان پێ‌کردوە گەیشتۆتە حەتووی سێهەمی خۆی‌و تیمی ئوستانی کرماشان بەدوای سەرکەوتن بەسەر ڕەقیبەکانی‌دا لە پلەی سەرەوەی ئەم یارییانە دایە. کرماشان لە دوو یاری حەوتووی دووهەم‌و سێهەم‌دا، ٥ـ ٣ لە فەجری تاران‌و ٦ـ ٢ لە "مازم گاز"ی بردۆتەوە.

## واڵیباڵی "نوجوانان" (مێرمندالآن)ی ئێران‌و سەرکەوتنی کرماشان‌و کوردستان

لە یاری‌یەکانی واڵیباڵی قارەمانیی مێرمندالآن (ژێر ١٧ ساڵ)ی ئێراندا کە لە چوار ناوچە دەستیان پێ کردبوو، قۆناغی یاری‌یە ناوچەیی‌یەکان کۆتایی پێ‌هاتوەو هەشت تیمی سەرکەوتوو بۆ قۆناغی دووهەم دیاری کران.

لە یاری‌یەکانی ناوچەی دوو کە لە تاران بەڕێوە چوون، تیمی ئوستانی کوردستان لە دوو یاریی دوایی خۆی‌دا ٣ـ ٠ لە قەزوین‌و ٣ـ ١ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوای بردەوەو بە دوای تاران پلەی دووهەمی وەدەست هێناو بۆ قۆناغی دووهەم دیاری کرا. لە یاری‌یەکانی ناوچەی سێ‌دا کە لە شاری ئەهواز بەڕێوەچوون، خوزستان پلەی یەکەمی وەدەست هێناو تیمی کرماشانیش کە لە یاریی دوایی خۆی‌دا ٣ـ ١ لە لوڕستانی بردبۆوە پلەی دووهەمی وەدەست تا یەکێك لە هەشت تیمی قۆناغی دووهەمی ئەم یاری‌یانە بێت. ئەم یارییانە لە ٨٢/٤/٢٧ کۆتایی‌یان پێ‌هات.

## تێکواندۆی نەونەمامانی (نونهالان) ئێران‌و سەرکەوتنی دوو یاریزانی کرماشانی

یاری‌یەکانی قارەمانیی تیکواندۆی ئێران لە ئاستی نەونەمام (نونهال) بۆ یاری کردنی تیمی میللیی ئێران ڕۆژی ٨٢/٥/٤ لە شاری ئیسفەهان کۆتایی پێ‌هات‌و لە ئاکام‌دا، لە کێشی ٤٥ کیلۆدا میلاد حوسێنی‌و لە کێشی ٤٨ کیلۆدا محەمەد ئەمین سادق زادە هەر دوو لە ئوستانی کرماشان پلەی یەکەمیان وەدەست هێناو بۆ تیمی میللیی دیاری کران.

## میداڵی برۆنزی یاری‌یەکانی لەهێستان بۆ ئەییووب ڕۆستەمی

ئەییووب ڕۆستەمی یاریزانی تیکواندۆی شاری کرماشان لە یاری‌یەکانی تێکواندۆی نێونەتەوەیی لەهێستان کە لە ئاستی لاوان (ژێر بیست ساڵ)دا بەڕێوە دەچێ، لە کێشی ٩٠ کیلۆدا بە دوای سەرکەوتن بەسەر یاریزانانی مەجارستان، لەهێستان‌و هولەند، تەنیا بە یەك شکست لە بەرامبەر یاریزانی ئاڵمانی‌دا، پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی ئەو یارییانەی وەدەست هێنا. ئەو یارییانە ٨٢/٥/٦ کۆتاییان پێ‌هات.

## پلەی دووهەمی کێش هەڵگری مێرمندالآنی ئێران بۆ کرماشان

یاری‌یەکانی کێش هەڵگری قارەمانیی مێرمندالآن (نوجوانان)ی ئێران کە لە شاری ڕەشت دەستیان پێ‌کردبوو، ڕۆژی ٨٢/٥/٨ بە قارەمانیی "گیلان" کۆتاییان پێ‌هات. لەم یارییانەدا ١٤١ کێش هەڵگر لە ٢٠ ئوستانی ئێرانەوە بەشدار بوون‌و بە دوای "گیلان" کە بە ٢٠٨ خاڵ پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو، کرماشان بە ١٩٢ خاڵ پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

لەم یارییانەدا، لە کێشی ٤٦ کیلۆدا، پوویا شەهلایی لە ئوستانی کوردستان پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. لە کێشی ٥١و ٥٦ کیلۆدا، غولامرەزا شوکری‌و بابەك محەمەدی هەردوو لە کرماشان پلەی دووهەمی کێشەکانیان وەدەست هێناو لە کێشی ٦٩ کیلۆدا ئەییووب نووری لە کرماشان، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

❊❊❊

# وەرزشکارێکی کرماشانی بوو بە ئەندامی تیمی میللیی سووریە!

"عەلی خودادادیان" ئەندامی تیمی هەڵبژاردەی "فول کونتاکتی ئێران" کە لە ئەسڵدا، کرماشانی‌یە، ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ چووە سووریە تا خۆی بۆ پێشبڕکێ جیهانی‌یەکانی "موی تای دیمەشق" ئامادە بکا. ناوبروا لەو پێشبڕکێ‌یانەدا نەك هەر بۆ وڵاتی ئێران یاری ناکا، بەڵکوو وەك ئەندامی تیمی میللیی سووریە، بەرەوڕووی حەریفە ئێرانی‌یەکانی خۆشی دەبێتەوە.

"خودادادیان" لەکاتی سەفەر بۆ سووریەدا گوتی: " بە داخەوە لە ئێران لە جیاتی پەروەردە کردنی قارەمان، قارەمان سەرکوت دەکەن." هەروەها گوتی: "لە ساڵی ٦٧ەوە تا ئێستا نوێنەرانی دوو وەرزشی "بۆکس"و "کۆنگ فۆ" لە ئوستانەکانی ئیلام‌و کرماشان‌م‌و مانگی ڕابردوو لە پێشبڕکێ ئاسیایی‌یەکانی دیمەشق لەکێشی ٩٠ کیلۆدا مەقامی یەکەمم هێناوەتەوەو وەك باشترین "فایتەر"ی ٢٠٠٣ ناسراوم، وەزیری وەرزشی سووریە بۆ بەشداری لە تیمی میللیی سووریەدا، بانگهێشتن کردم. پێشبڕکێ‌یەکانی سووریە بە شێوەی "تای بوکسینگ" بەڕێوە دەچێ‌و ئەو کەسانەی یەکەم دێنەوە ٥ میلیۆن تمەن خەڵاتیان دەدرێتێ.

"خودادادیان" لەبارەی بەشدار نەبوونی خۆی لە تیمی میللیی ئێراندا گوتی: دوای پێشبڕکێ‌یەکانی سووریە، لەلایەن فیدراسیۆنەوە پێشبڕکێ بۆ هەڵبژاردنی یاریزان بەڕێوەچوو. سەرەڕای ماندوویی‌و برینداری‌و کوترانی لەشم، بەشدار بووم، بەڵام بەو هۆیەوە کە نیو کیلۆ، کێشی زیادیم هەبوو، وەریان نەگرتم. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بە پێی یاسای هەموو پێشبڕکێ جیهانی‌یەکان ئەو وەرزشکارانەی لە ئاستی میللی دان، تەنانەت بە کیلۆیەك کێشی زیادییشەوە دەتوانن بەشدار بن. بەڵام هەموو ئەندامانی تیمی میللیی ئێران پێیان وایە کە بە داخەوە ئێران هیچ بایەخێك بە میللی پۆشانی خۆی نادا. "خودادادیان" هەروەها گوتی: پشتیوانی نەکردنی بەرپرسان، بووە بە هۆی ئەوە وەرزشکارانی ئێرانی یا واز لە وەرزش بێنن یا ببنە ئەندامی تیمی وەرزشیی وڵاتانی دیکە. بە دڵنیایی‌یەوە ئەگەر من لە تیمی ئێراندا سەرکەوتن وەدەست بێنم، ئاڵای ئێران دەشەکێتەوە، بەڵام ئەگەر لە تیمی وڵاتێکی دیکە، سەرکەوتن وەدەست بێنم، ئاڵاو سروودی میللیی وڵاتێکی دیکە، بۆ منی ئێرانی نمایش دەدرێ.

خودادادیان گوتی: لە کاتی دەست پێکردنی پێشبڕکێ ئاسیایی‌یەکاندا، سەفیری ئێران (لە دیمەشق) ئەوەندەی خۆ زەحمەت نەدا بۆ دڵگەرمیی ئەندامانی تیمی میللی، بێتە شوێنی یاریی‌یەکان، بەڵام سەرکۆمارو وەزیری وەرزشی سووریە لە ڕێورەسمەکەدا بەشدار بوون‌و ئەوەندەیان ڕێز لە یاریزانانی خۆیان گرت کە بە قەت ١٠ ساڵ ڕێزلێنان لە وەرزشکارانی ئێرانی دەبوو. ناوبراو گوتی: پاش گەڕانەوەم لە پێشبڕکێ ئاسیایی‌یان، لە حاڵێکدا بە توندی بریندار بووم، لەلایەن (ڕێکخراوی) تەربیەت بەدەنی‌و بەرپرسانی فیدراسیۆنەوە هیچ یارمەتی‌یەکم پێ‌نەکرا کە ئەوەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ "باندبازی"و هێندێك کێشەی دیکە.

وەرگیراو لە حەوتوونامەی "سیروان"
سالی شەشەم، ژمارە ٢٣٢، شەممە ٢١ی پووشپەڕی ١٣٨٢

درێژەی لاپەرە ٩

## ڕووناکبیر، عەقڵی سوننەتی‌و . . .

نووسینی نیە، بەڵکوو عەقڵی مرۆڤ بۆی هەیەو دەتوانێ هەڵەکانی ڕاست بکاتەوەو کەموکوڕی‌یەکانی جێبەجێ بکاو تەنانەت سەرلەنوێ بیان نووسێتەوە. کەوابوو گرنگترین ڕۆڵی عەقڵ لە جیهانی نوێدا پێکهێنانی گۆرانکاری‌و دۆزینەوەو دەست بەسەرداگرتنە. لەو چوارچێوەیەدا، ڕەخنەو گومان‌و پرسیارەکان لە سنووری تێگەیشتن‌و ڕاڤەکردنی بابەت‌و دیاردەکان تێ‌دەپەڕن‌و لەئاکام‌دا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ لە بابەت‌و دیاردەکاندا پێك دێنن. بەگشتی عەقڵی ڕەخنەگر بە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی‌یەوە چ لە تێکنۆلۆژیی سەنعەتی‌داو چ لە تێکنۆلۆژیی کۆمەڵایەتی‌دا، بە باشترین شێوە خۆی دەرخستوە، لە لایەکی دیکەشەوە تەنیا عەقڵێکە بە شێوەیەکی بەردەوام لە بنەماکان دەکۆڵێتەوەو دەیانخاتە ژێر تیشکی گومان‌و پرسیارەکانی خۆیەوە. کەوابوو ڕەساڵەتی عەقڵێکی ڕەخنەگر زیاترە لە تێگەیشتنێکی ڕەهاو لە ڕاستی‌دا بەشداریکردن‌و قووڵ بوونەوەیە لە باسەکان‌داو لەهەمان کاتیش‌دا بەزاندنی هەرچەشنە سنوورێکی حەرام‌و تابۆ بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ لە هەموو بوارێك‌دا، کاتێك کە عەقڵ بە مانای دەقە پیرۆزو مەبەستی داهێنەرەکەی گەیشت، دوایی لە دروستی‌و نادروستیی ماناو مەبەستی دەق‌و داهێنەرەکەی دەکۆڵێتەوە، یانی ڕەتکردنەوەو وەرگرتنی بابەتە جۆراوجۆرەکان بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ، کەوابوو عەقڵی ڕەخنەگر سنوور ناناسێ‌و هیچ چەشنە پیرۆزی‌یەکیش لە "گومان"و "پرسیار" بە گەورەتر نازانێ، لە ڕاستی‌دا ئەوەندە بوێرە کە بە گومانەوە شتە پیرۆزەکان بخاتە ژێر فشاری پرسیارەکانی خۆی، تەنانەت ئەوەی کە جێگەی بایەخە ئەوەیە کە عەقڵی ڕەخنەگر، ڕەخنە لە خۆشی دەگرێ‌و هەوڵ دەدا خۆشی لە ڕێگەی عەقڵەوە بدۆزێتەوەو پێناسە بکا. کەوابوو عەقڵی نوێ بە دوو شێوە ڕەخنەگرە: یەکەم، بەو مانایە کە هەموو شتێك لە ئاستی ڕەخنەدا دەبینێ‌و بەلای ئەوەوە هیچ چەشنە پیرۆزی‌یەك لە سەرەوەی گومان‌و پرسیار بوونی نیە؛ دووهەم، بەو مانایە کە هەرگیز خۆشی لە گومان‌و پرسیار بە گەورەتر نازانێ‌و هیچ چەشنە گەورەیی‌و پیرۆزی‌یەك بە خۆی نادا، لەلایەن خۆیەوە خۆی دەخاتە ژێر فشاری ڕەخنەکانی‌یەوە، کەچی دەبینین لە عەقڵی کۆن واتە عەقڵی ڕاڤەیی دا هەڵسوکەوتەکان تەواو بە پێچەوانەن.

بەپێی ئەو لێکدانەوەیە، ڕووناکبیری بەمانا تایبەتی‌یەکەی یانی عەقڵی خۆدارێژی ڕووناکبیر، ڕووناکبیریش بە پێی ئەوەی کە ڕووناکبیرە بە تەواوی دەروەستی خوێندنەوەو ڕاڤەو ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە، کەوابوو لێرەدا ڕووناکبیر لە دوو پانتای بنەمایی‌دا کاری ڕەخنەیی دەکا. یەکەم: لە پانتایی بیرۆکەدا، یانی بەشێوەیەکی بەردەوام بیرۆکەو ئەندێشەکان دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنەکانی‌یەوە بەو مەبەستە کە تێگەیشتنێکی ئەمرۆیی‌یان لێ بەدەست بێنێ؛ دووهەم: لە پانتایی پێکهاتەکاندا؛ یانی هەوڵ دەدا کۆمەڵگایەکی عەقڵ باوەڕ باربێنێ، واتە ڕووناکبیر هیچ چەشنە کۆمەڵگایەك‌و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بە ڕەها نازانێ‌و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو کۆمەڵگاو پێکهاتانە هەر چێك بن بە شێوەیەکی زاتی ئامادەیی وەرگرتنی ڕەخنەو ئاڵوگۆڕیان هەیە، بە مەرجێك لە قالبێکی ڕەهاداو بە چاوێکی پیرۆزو نەگۆر چاویان لێ‌نەکرێ‌و مافی گومان‌و پرسیارکردنیان لێیان بە حەرام‌و کوفر دانەنرێ. کەوابوو گرنگترین پرۆسەی ڕووناکبیری ئەو کۆمەڵگایانەی لە حاڵی تێپەڕین لە سوننەت بۆ مۆدێرنیتەدان، گەشەپێدانی مۆدێرنیتەیە، یانی پەرەپێدان بە عەقڵگەرایی‌و عەقڵێکی ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی ڕەخنەی هزری‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌یە سوننەتی‌یەکانەوە.

سەرچاوە:

ـ غرب زدگی و روشنفکر دینی ـ داریوش ئاشوری
ـ روشنفکر دینی ـ ئەحمەد نەراقی
ـ مدرنیتە، دمکراسی، روشنفکران ـ رامین جهانبگلو

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 370 6 Aug 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:
www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com
http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

## تازەترین ژمارەی گۆڤاری "ژنان" بڵاو بۆوە



ژمارە ٦ی گۆڤاری "ژنان" لە بەرگێکی ڕەنگیو جوانو سەرنج ڕاکێشداو بە کۆمەڵێك وتارو بابەتو وتوویژ لەبارەی ژنانەوە، چاپو بڵاو بۆوە. لە ژمارە ٦ی گۆڤاری "ژنان"دا، ژن لە ئاوێنەی ڕوانگەکانی دوکتور قاسملووی نەمردا، چەند بابەتو هەواڵو ڕاپۆرت لەسەر حەرەکەتە ئیعترازییەکانی ئەم دواییانەی خوێندکارانو هەروەها چەند وتارو هەواڵو ڕاپۆرت لەبارەیژنانی جیهان، ئێرانو کوردستان، هەواڵو ڕاپۆرتی تێکۆشانو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان وەبەرچاوی خوێنەران دەکەوێ.

## پەنجاو حەوتەمین فستیڤاڵی هونەریی ئیدێنبۆرگ

لە ڕۆژی یەکشەممە، ٣ی ئووتەوە پەنجاو حەوتەمین فستیڤاڵی ئیدێنبۆرگ کە بە گەورەترین ڕووداوی هونەریی جیهان دادەنرێ، کاری خۆی دەست پێکردوە. فستیڤاڵی ئەمساڵ ٣ حەوتوو دەخایەنێو ٥٤١ بەرنامەی هونەریی تێدا بەڕێوە دەچێ. شەقامەکانی ئیدێنبۆرگ (پێتەختی سکاتلەند) پڕ دەبن لە بینەرو بەشدارانی فستیڤاڵەکە، هونەرمەندان، هەواڵنێرانو ڕاپۆرتنووسان. ئەگەر کەسێك بیهەوێ هەموو بەرنامە هونەرییەکانی ئەو فستیڤاڵە ببینێ دەبێ چوار ساڵو ١٤٣ ڕۆژ لە تەمەنی خۆی بۆ تەرخان بکا.

### ئێرانییەکان لە ئیدێنبۆرگدا

لەو فستیڤاڵەدا وێڕای بەرنامە هونەرییەکانی دیکە، زیاتر لە ١٠٠ فیلمی درێژیش بۆ یەکەمجار پێشان دەدرێن کە لە هەموانیان بەناوبانگتر فیلمێکی "کلێنت ئیستوود"، دەرهێنەرو ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکاییە.


پێنج فیلمی ئێرانییش لەو فستیڤاڵەدا بەشدارن. "عنکبوت آمد" (جاڵجاڵۆکە هات) یەك لەو ٥ فیلمەیە کە مازیار بەهاری لە بارەی قاتڵی ١٦ ژنی لەشفرۆشو موعتادی مەشهەدی دروستی کردوە. "طلای سرخ" (زێڕی سوور)، فیلمێکی حەعفەری پەناهییە کە عەباس کیارۆستەمی فیلمنامەکەی بۆ نووسیوەو لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی "کان" لە ژوئەنی ڕابردوودا خەڵاتی وەرگرت، لەم فستیڤاڵەدا بەشدارە. "نوار خالی" (کاسێتی بەتاڵ) بەرهەمێکی سینەمایی "فەریبوورزی کامکاری"یە کە بەسەرهاتی ژنێکی لاوی کورد بە ناوی "گوڵێ" دەگێڕێتەوە. "گوڵێ" بە بۆنەی هەژدەهەمین ساڵی لە دایکبوونیەوە دووربینێکی ڤیدیۆیی بە دیاری پێبەخشراوەو بە هۆی ئەو



کامێرایەوە، فیلمی ژیانی ناخۆشی خۆیو مێردەکەی هەڵدەگرێتەوە. دوو فیلمە ئێرانییەکەی دیکەی بەشدار لەو فستیڤاڵەدا بریتین لە "ایستگاه متروك" (وێستگەی چۆڵ) هی عەلیڕەزا ڕەئیسیانو "نامەهای باد" (نامەکانی با) هی عەلیڕەزا ئەمینین. پێویستە بگوترێ گرووپێکی شانۆو هەڵپەڕکێی کوردیش کە زیاتر لە ٢٠ کەس دەبن لە پەنجاو حەوتەمین فستیڤاڵی ئیدێنبۆرگدا بەشدارنو شانۆو هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش دەکەن.

سەرچاوە: سایتی B.B.Cpersian

## لە زستانی داهاتوودا قووتبەدین سادقی
## یەکەم فیلمی سینەمایی خۆی دروست دەکا




هونەرمەندی ناوداری کورد، قوتبەدین سادقی لە وتوویژێکی خۆی لەگەڵ هەواڵدەریی "ایسنا"دا ڕایگەیاندوە کە زستانی داهاتوو دەست دەکا بە دروستکردنی یەکەم فیلمی سینەمایی خۆی. سادقی گوتی فیلمەکەی باسی گیروگرفتەکانی خەڵکی کوردستان دەکاو بەسەرهاتی بنەماڵەیەکی کورد دەگێڕێتەوە کە پاش ئەوەی دێنە تاران لە بەریەك هەڵدەوەشێ. دوکتور سادقی گوتی هۆی ئەوەی فیلمەکەم لە زستاندا بەرهەم دێنم ئەوەیە کە داستانی فیلمەکە لە کەشوهەوایەکی زستانیو لە نێو بەفرو بۆراندا ڕادەبرێ.

بە گوێرەی وتووێژەکە دوکتور سادقی لە مانگی خەرمانانی داهاتووشدا فیلمێکی کورت بە ناوی "گەڕانەوە" دروست دەکا. فیلمەکە لەبارەی لاوێکی کوردە کە پاش ماوەیەك دووریو جیایی دەگەڕێتەوە نێو بنەماڵەکەی.

سەرچاوە: "سیروان"، ژمارە ٢٣٢


## جاڵجاڵۆکە بەڕێوەیە
## دوورنیە سیناریۆکەی مەشهەدو کرمانو ئەراك لە تارانیش دووپات بێتەوە





"یالثارات الحسین"، بڵاوکراوەی ئەنساری حیزبوڵڵا لە ژمارەی ئەم دواییانەی خۆیداهەڕشەی کردوە کە لەوانەیە ڕووداوە نالەبارەکانی مەشهەدو کرمان لە پێتەختیش دووپات بێتەوە. ئەو بڵاوکراوەیە لە ڕاپۆرتێکی یەك لاپەڕەییدا لە ژێر تیتری "ئێرە تارانە، بەدحیجابیو بێئابڕوویی غەوغا دەکا"، پێوەندیی کچانو کوڕان لە مەیدانەکانی "وەلیی عەسر"و "وەنەك"ی تارانی داوەتە بەر ڕەخنەو نووسیویەتی: "کەس نیە وریایان کاتەوە، کەس نیە ئاوڕ لەم وەزعە بداتەوە. ئەگەر یەکێك بەو وەزعەوە ناڕەحەت بێ، ئەوە سەری بۆ ڕادەوشێنێو لێوی خۆی دەکرۆژێ. هەموو شتێك ئارامە، بەڵام هیواداریـن ئەو ئارامییە، ئارامیی پێش تۆفان نەبێ". "یالثارات الحسین" درێژەی پێداوەو نووسیویە: "ئەگەر وەزعەکە هەروا بچێتە پێش دوور نیە ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی لە مەشهەدو کرمانو چەند جێی دیکە هاتنە پێش لە تارانییش دووپات بنەوە". مەبەستی ئەو بڵاوکراوەیە لەو ڕووداوانە، کوژرانی ١٦ ژن لە مەشهەد بە هۆی سەعیدی حەناییو کوژرانی چەند ژنی دیکە لە کرمانو ئەراك، بە بیانووی لەشفرۆشیو بە

## ئەو پێشبینیو دروشمانەی لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا پێچەوانەکەیان هاتەدی!



د. شەریعەتی



دوکتور سرووش

ئاخوندە دەسەڵاتپەرستەکانی ئێران بەرلەوەی بێنە سەرکار، دروشمو بەڵێنی جۆراوجۆریان دەدا. بۆ وێنە دەیانگوت "شا شارەکانی وێرانو گۆڕستانەکانی ئاوەدان کرد". مەبەستیشیان ئەوەبوو کە ئەوان ئەگەر بێنە سەرکار، پێچەوانەکەی دێننەدی. یا دەیانگوت "بەندیخانەکان دەکەینە زانستگە"، بەڵام دیتمان لە سێبەری دەسەڵاتدارەتیی نیزامە دژی ئینسانییەکەی ئەواندا، گۆڕستانەکان ئاوەدانترو گەورەتر بوونەوە، لە جیاتی بەندیخانەکان ببن بە زانستگە، زانستگەکان بوون بە بەندیخانەو جگە لەوەی زانستگەکان بە هێزی نیزامیو گۆپاڵ گەمارۆ دراون، بە هەزاران خوێندکارو مامۆستای خەباتگێڕیشیان لە زیندان ئاخنیوە.

دوکتور سرووش لە وتارێکی خۆی لە ژێر ناوی "رووحانییەت بەبێ ئیسلام" کە شەوی ١٣ی ژوئەنی ڕابردوو لە زانستگەی "وێست مینیستێر" لە لەندەن پێشکێشی کرد، نموونەیەکی لەو پێشبینییانە هێنایەوە کە پێچەوانەکەیان هاتۆتەدی. سرووش گوتی: **"ڕۆژگارێك دوکتور شەریعەتی لە یەکێك لە نامەکانی خۆی بۆ دۆستێکیدا، داهاتووی ئیسلامی بەم چەشنە پێشبینی کردبوو: "ئیسلام بەبێ ئاخوند"، بەڵام ئەو پێش بینییەی ئەو ڕاست دەرنەچووو ئەوە دەربڕینی ئارەزوو بوو نەك دەربڕینی ڕاستی. ئەمن دەمەوێ لێرەدا ڕابگەیەنم کە دوکتور شەریعەتی بەهەڵەدا چوو: داهاتووی ئێران نەك هەر "ئیسلامی بێئاخوند" دەرنەچوو، بەڵکوو ڕاست بوو بە "ئاخوند بەبێ ئیسلام".**

دڵتەزێنترین شێوە بوو کە دیارە تاقمە مەزهەبییە توندڕەوەکانی سەر بە ڕێژیم ئەم جینایەتەیان تەئئید دەکردو بە "نهی از منکر" (گێڕانەوە لە خراپە)یان دادەنا.

پێویستە بگوترێ لەم دواییانەدا "ابوطالب" و ""یزدان" ئەو دووکەسەی لە نێوان ڕێبەندانی ١٣٨٠ تا ڕەشەمەی ١٣٨١دا، ٩ ژنو کچی گەنجیان لە ئەراك بە رووسەرییەکانی خۆیان خنکاند، بە ئیعدام مەحکووم کران، بەڵام ئەو حوکمە هێشتا بەڕێوە نەچووە. "سەعیدی حەنایی"، کە بە "جاڵجاڵۆکە"و بەڕێوبەری قەتڵە جاڵجاڵۆکەییەکانی مەشهەد ناوبانگی هەیە، بەهاری ساڵی ١٣٨١ ئیعدام کرا.

## وەرزی هەڵوەرینی گوڵ، ساڵی ڕژانی ئەستێرە

**بەر لە ماڵاوایی**

ع. وریا

بەرەبەیانی ٥ی گەلاوێژی ١٣٦٧، سەرەتای ئەو کارەساتە ئینسانییە گەورەو هەرگیز فەرامۆش نەکراوەیە کە لە خەرمانانی ئەو ساڵەدا گەیشتە چڵەپۆپەو لە خەزەڵوەرو سەرماوەزی هەمال ساڵدا لە کۆتاییەکانی خۆی نزیك بۆوە. بەرەبەیانی ٥ی گەلاوێژی ١٥ ساڵ لەمەوبەر وەبیر هێنەرەوەی یەکێك لە دڵتەزێنترینو بەربڵاوترین جینایەتو وەحشیگەرییەکانی ڕێژیمی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامییە. لەو ڕۆژەدا یەکێك لە دڵڕەقانەترینو کەم وێنەترین کوشتارە سیاسییەکانی مێژووی ئێرانو تەنانەت هەموو جیهان، لە زیندانەکانی سەرانسەری ئێراندا دەستی پێکرد. لەو ڕۆژە بە دواوە، کۆمیتەی تایبەتی پێکهاتوو بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خومەینیی دڵڕەشو خوێنرێژ، کاری خۆی کە بریتی بوو لە قەڵاچۆو لە نێو بردنی هەزاران زیندانیی سیاسی بە دوای ڕاگیرانی شەڕی هەست ساڵەی ئێرانو عێراقدا، بە دروێنە کردنو لە داردانی یەکەم دەستە لەوان، دەست پێکرد.

١٥ ساڵ لەو کوشتارە بەربڵاوە ڕابردوەو هێشتا هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە گەورەیە، ئاشکرا نەبوون. ئەگەرچی لەو کاتەوە تا ئێستا، ڕوون بۆتەوە کە نزیك بە دە هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە، بە تاوانی هەوڵدان بۆ ئازادیی هاونیشتمانانو بۆ ڕزگار کردنی وڵاتەکەیان لە دەست مۆتەکەی نەزانی، تاریکی، سەرەڕۆییو کۆنەپەرستی، بە مەزلوومانەترین شێوە، لە نێو بران، بەڵام هێشتا زۆر شتی شاراوە لە بارەی چۆنیەتیی ئەم تراژیدییە، هەن. کەسوکارو ئازیزانی زیندانییە قەڵاچۆ کراوەکانی هاوینو پاییزی ١٣٦٧و ئێمەی تێکۆشەرانی وەفادار بە ڕێگای سوورو ئامانجە پیرۆزەکانیان، هەر ئەوەندە دەزانین لە ماوەی کەمتر لە ٥ مانگدا، چەند هەزار زیندانیی سیاسی، لە میللییەتە جۆراوجۆرەکانی ئێرانو بە بیرو باوەری سیاسیی جیاوازەوە، کە بەشێکی زۆریان، لە مێژ بوو ماوەی زیندانو مەحکوومییەتەکەشیان تەواو ببوو، بێ ئەوەی موحاکەمەیەك لە گۆڕێ دابێو پاش ئەوەی بە شێوەیەکی سەر پێیی تەنیا چەند پرسیاریان لێکراو وەڵامی بە دڵی ئەندامانی کۆمیتەکانی مەرگیان نەدایەوە، وەك چۆن ڕانەمەڕ ڕەوانەی کوشتارگە دەکرێ، ئاوا سپێردرانە دەست جەللادەکانو ملیان بە دار دا کرا، یا بەر ڕێژنەی گوللەدرانو لەشی بێگیانو ئەنجن ئەنجن کراویان لە کانتینێرەکانی تایبەت بە ڕاگوێزتنی گۆشتدا، بۆ تەپۆلکەو بیابانەکانی دەرەوەی شارەکان ڕاگوێزرانو بە نهێنیو لە گۆڕی بەکۆمەڵدا هەڵ ڕێژرانو لە هێندێك جێ تەنانەت ئەوەندە بە پەلەو بە ڕادەیەك بە بێموباڵاتی، شاردرانەوە، ئەوەندەیان خاك نەکرایە سەریان کە چەقەڵو سەگ، هەست بە بوونیان نەکەن. کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی ڕاکێشرانی سەرنجی خەڵك بۆ لای کارەساتەکەو ئاشکرا بوونی ئەو لافاوە خوێنەی بە بێدەنگیو دوور لە چاوی هاونیشتمانانو بیرو ڕای گشتیی دنیا، لە زیندانەکانی ئێراندا وەڕێ کەوتبوو.

من کە بیر لە کوشتاری ئەو ساڵە دەکەمەوە یەکەم کەس "سیروان" (ڕەسووڵ دانایی)م دێتەوە بیر. ئەو لاوە دێموکراتە بە دیل گیراوەی کە تاقە برای ٦ـ٥ خوشکی دڵ پڕ لە خۆزیاو بریا بوو، بیر لە خۆشەویستیی قووڵی دایكو بابی پیری بەرامبەر بە جگەرگوشەکەیان، بیر لەو ئارەزووانە دەکەمەوە کە لە ڕێگا ڕۆیشتنێکی مانگە شەوێکی گەلاوێژی ٢٠ ساڵ لەمەوبەردا، بۆی گێڕامەوە. ئەگەر توانای نووسینی ڕۆمانم هەبا، هەر ژیانی کورتی ئەو جوانەمەرگەو بیرەوەریو بەسەرهاتو خۆزگەو ناکامییەکانی، بەشی داستانێکی درێژ دەبوون. بەڵام زیندانەکانی ساڵی ١٣٦٧ی ئێران، هەزاران کەسیان تێدابوون کە "سیروان"ی ناسیاوی من لە چاو ئەوان، ڕەنگە هەر وەبەر چاو نیە. لەو کارەساتەدا، بە سەدان مرۆڤ گیانیان لێ ئەستێنرا کە پەیکەرەیەکی تەواو بوون لە زاناییو ئەزموونو خزمەت. ئەوان سەرمایەی زانستی، فکری، سیاسیو فەرهەنگیی بە نرخی وڵاتەکەی خۆیان بوونو هەموو ژیانی خۆیان بۆ هێنانەدیی ئاواتی ئازادیی هاونیشتمانانو بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیان تەرخان کردبوو. لە پەپوولە بێئازارترو لە ئاوی شەوێ پاکتر بوون. لەو ساڵە ڕەشەو لە کوشتارە بەربەرینەدا، هەزاران دایكو باب لە نێو برانو خەونی لە باوەش گرتنەوەی جارێکی دیکەی کورپەکانو جگەرگۆشەکانیان نەهاتە دی. هەزاران کوڕو کچی بە مراد نەگەیشتوو، تەنانەت لەشی بەگوللە دابێژراویشیان، نەچۆوە لای دەزگیرانە چاوەڕوانەکانیانو دایكو بابو خوشكو برا جەرگبڕەکانیان.

١٥ ساڵ، لە کارەساتی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران ڕادەبرێ. بەڵام هێشتا ناوی هەموو ئەوانەی وەبەر ئەم کوشتارە کەوتن، ئەو شوێنەی لێی نێژراون، داستانی ژیانیان لە زیندانـدا، دیمەنە لە وەسف نەهاتووەکانی کاتی ماڵاواییو ڕۆیشتن بەرەو دارو، ڕاسپاردەو وەسیەتەکانیان، ڕوون نەکراوەتەوەو تۆمار نەکراون. هێشتا سەدیەکی ئەوانە ناناسین کە دەستیان لە وەڕێ خستنی ئەو لافاوە خوێنەدا هەبوو. هێشتا زۆر چیرۆکی تاڵی ئەو ساڵە هەیە کە ببیسینو بینووسینو بیخوێنینەوە.

هەموومان لەو بارەوە کەمتەرخەمو تاوانبارین. لە پاشماوەی زیندانیی سیاسییەکانی ئەو ساڵەو کەسو کاری قوربانییەکانی کوشتاری هاوینو پاییزی ١٣٦٧را بگرە تا یەك بە یەکی حیزبو ڕێکخراوەو کۆمەڵە سیاسییە خەباتگێڕەکان. چونکە ئەوەی دەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو کوشتارە ئینسانییە بیکەین، لە چاو ئەوەی کردوومانە، ئەوەندە کەمە، بۆ باس کردن نابێ. ئەگەرچی زۆریش درەنگ بووە، بەڵام با ١٥ ساڵەی ئەو کارەساتە بکەین بە دەرفەتێك تا ئەو ئەرکو چاوەڕوانییانەی لەو بارەوە دەکەونە سەرشانمان، وەبیر بێنینەوەو لێرە بەدواوە جێبەجێیان بکەین.

**سڵاوی وەفا بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتەو مەرگو نەمان بۆ ئەو ڕێژیمەی ئەوانی بەم چەشنە مەزلوومانە لە نێو برد.**